هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٣٤

سالّی/ ٢٠٠٤ – بەرگی سی و چوار

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٠٤

# پێڕیست:

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٠) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٢/٥ ل٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤١) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٣/٤ ل٢٩

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٢) خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٢٠٠٤/٦/١٧ ل٥٢

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٣) خولی گواستنەوە – دوو شەممە ٢٠٠٤/٦/١٩ ل٨٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٤) خولی گواستنەوە – یەك شەممە ٢٠٠٤/٧/٤ ل١٥٣

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٥) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٧/٢٤ ل١٥٨

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٦) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/٨/٧ ل١٨١

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٧) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٢ ل٢٠٩

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٨) خولی گواستنەوە –سێ شەممە ٢٠٠٤/٩/٢٨ ل٢٤٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤٩) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/٥ ل٣٠٢

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٠) خولی گواستنەوە – سێ شەممە ٢٠٠٤/١٠/١٢ ل٣٤٧

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥١) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/٣ ل٣٧٣

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٢) خولی گواستنەوە – چوار شەممە ٢٠٠٤/١١/١٠ ل٤٤٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٣) خولی گواستنەوە – چوارشەممە ٢٠٠٤/١١/١٧ ل٤٧٧

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٤) خولی گواستنەوە – شەممە ٢٠٠٤/١١/٢٠ ل٤٩٢

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٥)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٩/ ٢٠٠٤/١٢ ل ٥٣٩

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥٦) خولی گواستنەوە – شەممە ١٥/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٥٥

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٧)خولی گواستنەوە – یەك شەممە ١٦/ ٢٠٠٥/١ ل ٥٨٨

پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە(٥٨)خولی گواستنەوە – پێنج شەممە ٧/ ٢٠٠٥/٤ ل ٥٩٠

دێینه سەر خاڵی سێیەمان کە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەیئەتی تایبەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عیراق. فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان– العراق وعمالاً للفقرة(أ)من المادة (٥٤)من قانون إدارة دولة العراق الاتحادية وبناءً على ما قدمه المجلس الوطني لكوردستان– العراق بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم( )لسنه٢٠٠٤**

**قانون الهيئه الخاصه لأمن اقليم كوردستان - العراق**

**التعاريف:**

تكون للكلمات والمصطلحات الآتية المعاني المؤشرة ازاءها اينما وردت في هذا القانون:

١–رئيس إقليم :رئيس اقليم كوردستان– العراق.

٢–الهيئة:الهيئة الخاصة لأمن اقليم كوردستان– العراق.

٣–رئيس الهيئة:رئيس الهيئة الخاصة لأمن اقليم كوردستان– العراق.

**المادة الأولى:**

تؤسس هيئة لأمن اقليم كوردستان– العراق تسمى الهيئة الخاصة لأمن اقليم كوردستان– العراق وتكون لها الشخصية المعنوية واستقلالها المالي والاداري.

**المادة الثانية:**

يرأس الهيئة موظف بدرجة وزير يتم تعيينه من قبل رئيس الإقليم ويرتبط به مباشرة وفي حالة خلو منصب رئيس الاقليم او غيابه يحل محله رئيس مجلس وزراء اقليم كوردستان– العراق.

**المادة الثالثة:**

يكون لرئيس الهيئة نائب ويعين بدرجة خاصة.

**المادة الرابعة :**

تكون للهيئة ميزانية خاصة.

**المادة الخامسة:**

اهداف الهيئة:تهدف الهيئة وتسعى لتحقيق مايلي:

١– حماية الاسس والمبادىء التي يقوم عليها النظام الفدرالي الديمقراطي البرلماني التعددي لدولة العراق الاتحادية من خلال:

أ.العمل على حماية ارواح وممتلكات المواطنين في الاقليم.

ب.استتباب الامن والاستقرار في الاقليم وحماية الممتلكات العامة.

ت.حماية الحريات العامة والخاصة وخلق الاجواء المناسبة والضرورية لممارسة المواطنين حقوقهم وفق الاعلانات والعهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان.

ث.الحفاظ على النظام العام والآداب العامة.

٢- مكافحة المخدرات.

٣- مكافحة الارهاب.

٤- مكافحة التجسس.

٥-أ- جمع المعلومات وتقييم التهديدات الموجهه للأمن الوگنى لجمهوريه العراق الاتحاديه وايصالها الى الاجهزه المختصه بالأمن الوگنى الفيدرالى عن گريق رئاسه الاقليم.

ب.تبادل المتهمين والمجرمين واحالة قضاياهم بين الاجهزة الامنية الفيدرالية والاقليمية وفق الآلية المحددة بموجب هذا القانون.

**المادة السادسة:**

على الهيئة احالة الدعاوى والقضايا التي تقع ضمن اختصاصها الى المحاكم والجهات المختصة في الاقليم مع الالتزام بأحكام القوانين المرعية من حيث حقوق المتهمين.

**المادة السابعة:**

يكون لرئيس الهيئة تعيين الكوادر الوظيفية للهيئة ومنتسبيها باستثناء نائب رئيس الهيئة والمدراء العامون والمستشارون حيث يتم تعيينهم من قبل رئيس الاقليم او من يحل محله.

**المادة الثامنة:**

على رئيس الهيئة تقديم تقارير دورية او عند الطلب الى رئيس الاقليم ورئيس مجلس الوزراء وكلما استجد ظرف طارىء استدعى ذلك.

**المادة التاسعة:**

لرئيس الهيئة فتح مديريات او مكاتب في اية وحدة ادراية او منطقة داخل اقليم كوردستان تستدعيها ضرورات العمل والامن في الاقليم مع عدم الانتقاص من مهام وصلاحيات رؤساء الوحدات الادارية بموجب القوانين النافذة.

**المادة العاشرة:**

لرئيس الهيئة وضع وتأسيس تشكيلات الهيئة وما يتبعها من فروع ومديريات واقسام وشعب ومكاتب وتحديد اهدافها ضمن حدود هذا القانون، وصلاحيات المسؤولين عن ادارتها كما له تحديد ملاكات الهيئة واقتراح مفردات ميزانيتها لرئيس الاقليم للمصادقة عليها كما له فتح دورات لتأهيل منتسبي الهيئة.

**المادة الحادية عشرة:**

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ احكام هذا القانون وتحقيق اهدافه.

**المادة الثانية عشرة:**

١- يفك ارتباط المديرية العامة للآسايش بكافة تشكيلاتها من وزارة الداخلية وترتبط بالهيئة ويعاد تنظيمها بموجب احكام هذا القانون.

٢- تنقل كافة الممتلكات والاموال المنقولة وغير المنقولة والسجلات والاضابير والقضايا الى الهيئة.

**المادة الثالثة عشرة:**

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الرابعة عشرة:**

ينفذ هذا القانون من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع اقليم كوردستان).

**المادة الخامسة عشرة:**

ينشر في الجريدة الرسمية.

**د.روژ نوری شاویس**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**الاسباب الموجبه**

نظراً للتطورات الديمقراطية التي طرأت على نظام الحكم في العراق وتحوله من دولة مركزية الى دولة اتحادية واعادة ربط اقليم كوردستان العراق بالحكومة الاتحادية وفق اسس النظام الفدرالي المعلنة عنها في قانون ادارة الدولة العراقية وبغية توحيد كافة الاجهزة الامنية في اقليم كوردستان العراق بشكل يستجيب لتحقيق اهداف المرحلة الحالية وتؤدي الى ترسيخ نظام الحكم الفدرالي وبغية جعل الاجهزة الامنية اكثر انسجاماً في اهدافها واسلوب تأدية واجباتها مع العهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان وبغية تسييرها وفق النهج والضوابط والمبادئ الخاصة بها وتنظيم وتوحيد كافة الاجهزة ضمن اطار ونظام موحد ولانهاء مرحلة التنظيمات الامنية الخاصة ووضع حد لممارسة المهام المذكورة من قبل جهات غير حكومية كانت تتطلب ظروف المرحلة السابقة توليها المهام المذكورة ولغرض ايجاد آلية للتنسيق وتبادل المعلومات وتوحيد الجهود الامنية وتحقيق الاهداف المشتركة بين الاجهزة الامنية الفيدرالية والاقليمية فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەش ئاراستەی لیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ و ناوخۆ دەکەین و، لیژنەی یاساییش پێویستە رای هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر وەرگرێت، خاڵی چوارەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(١٤)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی دەسەڵاتی دادوەری. فەرموو.

**بەڕێز حسین عارف عبدالرحمن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

مصادر الثروة الوطنية ووسيلة فعالة لتعريف العالم بتراث وحضارة شعب كوردستان ولغرض تشجيع الحركة السياحية وجذب السياح عن طريق اقامة المؤسسات والمرافق السياحية الحديثة والعصرية في الاقليم من خلال اعطاء المؤسسة العامة للسياحة دوراً فاعلاً واساسياً في هذا المجال ولكل ذلك فقد شرع هذا القانون.

د.روژ نوري شاويس

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو پڕۆژەیە لەگەڵ پڕۆژەیەكی تر كە لە ئیدارەی سلێمانی هاتووە، ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و، هەروەها بۆ لیژنەی شارەوانی و گەشت و گوزار، بۆ ئەوەی بۆ كۆبوونەوەكانی داهاتوو ئامادەی بكەن و، هەوڵ بدەن لە هەردوو پڕۆژەكە پڕۆژەیەكی یەكگرتوو دروست بكەن، ئەگەر پێویستی كرد لە كۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو پڕۆژەیەی كە لە ئیدارەی سلێمانییەوە هاتووە، ئەویش پێشكەش بكەین، زۆر سوپاس، ئێستا با دوو ئەندامی لیژنەی ناوەخۆ بفەرموون بۆ ئێرە بچینە سەر خاڵی سێیەم، بەڵێ دوو كەس لە لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی سێیەم كە بریتیە لە خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پڕۆژەی یاسای هەیئەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق، فەرموو دەست پێ بكە به خوێندنەوە.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم.

**المجلس الوطني لكوردستان- العراق**

استناداً لإحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون المجلس الوطني لكوردستان-العراق وعملاً للفقرة (أ) من المادة (٥٤) من قانون إدارة دولة العراق الاتحادية وبناءً على ما قدمه مجلس الوزراء لإقليم لكوردستان- العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:-

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤

قانون الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان-العراق

التعاريف:

تكون للكلمات والمصطلحات الآتية المعاني المؤشرة إزاءها أينما وردت في هذا القانون:

١-رئيس الإقليم: رئيس إقليم كوردستان- العراق.

٢-الهيئة: الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان- العراق.

٣-رئيس الهيئة: رئيس الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان- العراق.

المادة الأولى:

تؤسس هيئة لأمن إقليم كوردستان-العراق تسمى الهيئة الخاصة لأمن إقليم كوردستان-العراق وتكون لها الشخصية المعنوية واستقلالها المالي والإداري.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئینجا بیرو ڕای لیژنەی یاسایی چیە؟ با بفەرمووێت.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا رای لیژنەی یاسا لەسەر ماددەی یەکەم دەخوێنمەوە:

**بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی بەڕێز**

ب/ رای لیژنە

نووسراوتان ژمارە (ك٢٩) لە بەرواری ٢٠٠٤/٨/١٦ پاش تاوو تۆ کردنی پرۆژەی هاوپێچ، رای لیژنەکەمان بەم شێوەیە ناونیشانەکە، پێشنیار دەکەین کە بگۆڕێ بە (قانون الهیئة العامة لأمن اقلیم کوردستان-العراق) لەجیاتی ئەوەی (الهیئة الخاصة)، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی ناوخۆ با بفەرمووێت.

**بەڕێز لیژنەی ناوخۆ:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان**

ب/پرۆژە

نووسراوتان (ك٢٩) لە ٢٠٠٤/٨/١٦ لیژنەکەمان لیژنەی ناوخۆ لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٤/٨/٢٢ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی لیژنەکەمان، بۆ لێکۆڵینەوە لە دەقی هاوپێچی نووسراوی سەرەوەتان و، گفتوگۆ کردن و را دەربرین سەبارەت بەو پرۆژەیەی کە لە هاوپێچەکەدا هاتووە، پاش لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ کردن گەیشتینە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

یەکەم: سەرەتا چەند تێبینێکمان هەیە لەسەر پرۆژەکە:

١-وشەی (أمن) لەمەودوا بەکار نەهێنرێت، بەڵکو وشەی (ئاسایش) بەکار بهێنرێت، هەتا لە نووسینە عەرەبیەکانیشدا.

٢-وشەی (الهیئة الخاصة)کە لە پرۆژەکەدا هاتووە، بەشێوەیەکی تر دابڕژرێتەوە، کە دوور بێت لەم وشەیە، چونکە ئەم دوو وشەیە زۆر نامۆن و خەڵکیان زۆر ئازار و ئەشکەنجە داوە.

دووەم: پێشنیارەکان:

أ. لە جیاتی (الهیئة الخاصة لأمن اقلیم کوردستان العراق) وەزارەتێکی تازە دروست بکرێت، بەناوی وەزارەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق،

ب.ئەگەر وەزارەتەکەش دروست نەکرێت، ئەوە پێویستە ناوی ئەو دەزگایە بەشێوەیەك بێت، کە نامۆ نەبێت و، ئێمەش پێشنیاری سەرکردایەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق دەکەین لە جیاتی (الهیئة الخاصة لأمن اقلیم کوردستان).

سێیەم: أ.پێناسەکان، لە جیاتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چونکە تاکو ئێستا سەرۆکایەتی هەرێممان نییە و، ئەگەر لە داهاتووشدا دامەزرا، ئەوە دەتوانن ئەم یاسایە تەعدیل بکرێت.

ب.وەزارەت، چونکە ئێمە پێشنیاری وەزارەتمان کردووە، بۆیە دەبێتە وەزارەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ج.وەزیر: وەزیری ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەسەر ماددەی یەکەم لەسەر پێشنیارەکانی یەکەمی لیژنەی ناوخۆیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر ماددەی یەکەم و پێشنیاری یەکەم، ئەگەر یەکێك لە ئەندامە بەڕێزەکان قسەیەکی هەیە با بفەرمووێت، ئێستا ناوەکان دەنووسین، ئەو ناوانەی کە ئێستا نووسراون:

بەڕێزان: سەعدی پیرە، د. رزگار، شێخ یەحیا، جەلال خۆشناو، کەسی تر هەیە لەم بارەیەوە قسە بکات، باشە فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز.**

من لەسەر خاڵی یەکەم یەك قسە دەکەم، تەنها لەسەر پرۆژەکە بەگشییە، ئەم پرۆژەی کە هاتووە، وەکو لە سەرەتا باس کرا پرۆژەیەکە لە لایەن ئیدارەی هەولێر لە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هاتووە، لەم بارەیەوە پێش چەند هەفتەیەك ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار کراوەتەوە، کە ئەم پرۆژانە تەوحید بکرێت، من پرۆژەکەم خوێندۆتەوە پرۆژەکە شتی چاکە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیش بەرچاوی روون بێت و، هەروەها دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بەکاروباری ئاسایش بتوانن باشتر بە کارەکانی خۆیان هەڵبستن، پێویستە هەموو ئەو گروپانەی کە پەیوەندیان بە ئاسایشەوە هەیە بکرێنە یەك و، لە یەك دەزگا کۆبکرێنەوە، وەکو لە ئەسباب موجەبەی ئەم پێشنیارەشدا هاتووە، ئێستا گۆڕانکاری گەورە بەسەر عێراقدا هاتووەو، بەتایبەتی پاش قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ فەترەی ئینتیقالی، دەبێت هەموو دەزگاکانی ئێمە، بەتایبەتی دەزگای ئاسایش کە ئەمڕۆ بووە بە مەسەلەیەکی حەیاتی، پێویستە بگونجێنرێت و هەموار بکرێت لەگەڵ رێساو یاساکانی کە لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ فەترەی ئینتیقالی هاتووە، ئەم بینایە، ئەم پەرلەمانە، ئێوە مەسئولیەتێکی گەورەتان هەیە کە ئەوەی پەیوەندی بە لێك نزیك کردنەوەی هەردوو ئیدارە هەیە، نەك تەعزیز کردنی تەقسیم، هیچ ئیختیلافمان نییە لەسەر محتەوای ئەم پێشنیارە، هەموو شتەکانیش شتی باشن، ئەگەر شتی لوغەوی یان فەقەرەیەك هەیە، کە لێرەدا بگونجێنرێت، ئەوە ئیشی ئەوانەیە کە صیاغە دەکەن و، لیژنەی قانونییە، نامەیەکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانی هەیە، کە لە شەشی مانگ کۆبوونەوەیەك کراوە، داوا کراوە لەو دامەزراوانەی کە پەیوەندیان بە کاروباری ئاسایش هەیە، رەئی بدەن لەو مەوزوعە بۆ ئەوەی کورتەی رەئیەکان بێتن بۆ ئێرەو، هەروەها یان وەکو تەکمیلەیەك بۆ ئەم پێشنیارە، یان وەکو پێشنیارێکی موازی بۆ ئەم پێشنیارە، من پێم وایە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان با سابیقەیەکی تاریخی دروست نەکەین، بۆ دەرکردنی یاسا بۆ ئیدارەی سلێمانی بە تەنیا، یان بۆ ئیدارەی هەولێر بە تەنیا، بەڵکو کۆبوونەوەیەك دنیا وێران ناکات، ئەگەر دەتانەوێ کۆبوونەوەکە پێش بخەین لە ماوەی چەند رۆژێك، با سەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکایەتی پەرلەمان وەزیفەی ئەوە بگرێتە ئەستۆ لەگەڵ هەردوو ئیدارە هەوڵ بدات کۆبوونەوەیەك رێك بخات، یان ئیدارەی سلێمانی بە زووترین کات رەئی خۆی لەم بارەیەوە بدات و، بۆ ئەوەی ئێمەش بە ئاسوودەیی بڕیار بدەین و، ئەو یاسایەی کە پێم وایە یاسایەکی حەیاتییە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو كاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم پرۆژەیە ماوەیەكی زۆرە گەیشتۆتە بەر دەستمان و، لەسەر داوای فراكسیۆنی كەسك ئەم پرۆژەیە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستانی ئیدارەی سلێمانیش كرا، وەكو جەنابی باسی كرد هیچ تێبینیەكی بەرامبەر بە ناوەڕۆكەكەی نییە، بە پێچەوانەوە پێی باشە ناوەڕۆكەكەی، مادام پێی باش بێت، بەداخەوە تاكو ئێستا ئیدارەی سلێمانی رەئی خۆی لەسەر ئەم پرۆژەیە نەداوە، ئەگەر پێتان باشە ئەوە با ببێتە پرۆژەیەكی گشتی، ئێمە هیچ مانعتێكمان نییە و موناقەشەی لەسەر دەكرێت و دەبێتە پرۆژەیەكی گشتی بۆ هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، ئەگەر پێتان باش نییە، بەڕاستی ئەم تاخیر كردنە باش نییە، بەنیسبەت ئێمەوە بەشتێكی باشی نازانین، ئەگەر پێتان باشە با پرۆژەی گشتی بێت بۆ هەردوو لا بێت، ئەگەر پێتان باش نییە، ئێوە رەئیتان لەسەر ئەوە نییە كە ببێتە پرۆژەیەكی گشتی، ئێمە ئیسرار دەكەین لەسەر ئەوەی كەوا ئەمە بۆ ئیدارەی هەولێرە، چونكە بەڕاستی تاخیر بووەو، ئێمەش پێویستیمان بەم پرۆژەیە هەیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د. ناصح، فەرموو كاك د. رزگار.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، ئێك/بابەت پرۆژە حكومەتێ مەفروزە نوێنەر حارز با دیفاع لە پرۆژە خۆ بكات، چونكە برادەرت یاسا وەكو مولاحەزە خەلكەك هەبیت دیفاع لە پرۆژەگەی خۆ بكەن، ئەڤە ئێك.

یا دوێ/ لەسەر خاصە، ڤێرێ خاصە ئەگەر كەلیمەی خاصە هات سەقفەك زەمنی پێڤەیە، یەعنی (الهیئة الخاصة الدائمة، الهیئة الخاصة المؤقتة)، ئەڤ تێبینیانە هەمەو، چونكە ئەگەر خاصە سەقف زەمەنی موحدەت هەیە، بەس مومكینە پێشنیارێ لیژنا یاسائ لە جێ خۆ دابیت و فعلەن ڤێ نەقصانی پڕ بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك د.رزگار، فەرموو كاك شێخ یەحیا.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالكریم برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وەكو لیژنەی ماڤ مرۆڤ، بەڕاستی دوو تێبینیمان هەیە لەسەر ناوی و لەسەر دەزگاكە، وەك لیژنەی ماڤ مرۆڤ دامەزراندنی ئەم دەزگایە بە چاك هەڵدەسەنگێنین، بەڵام لە هەمان كاتدا بۆ پەرەسەندنی ئازادی و دیموكراتیەت، بۆ بنیادنانی كۆمەڵگەی شارستانی، داوا كارین ئەم جۆرە دەزگایانە بەشێوەیەكی گشتی كەم بكرێنەوە، تێبینی دووەممان لەسەر ناوەكەیەتی كە (الهیئة الخاصة)، هەر بەڕێزی گوێی لە هیئە بێت،

یان له خاصه بێت له كوردستانی عێراق، له سەرجەم عێراقدا ناوێكی قێزەون و ناوێكی ترسناك و ناوێكی ناشرینه، بەڕاستی ئێمه وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیارێكمان هەیەو، كه نه هیئه بمینێت و نه خاصه، ناوەكه بكرێت به (المؤسسة العامة لأمن اقليم كوردستان العراق)و، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس كاك شێخ یەحیا، فەرموو كاك جەلال خۆشناو.

**بەڕێز جلال سليم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارەكەم ئەوەیه وشەی (أمن) به زمانی عەرەبی له كوێ هاتووە له پرۆژەكه بكرێته (ئاسایش)، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموو كاكەڕەش قسەتان هەیه.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕاستی بەڕای من تەبعەن ئەگەر ئیمكان بێت، ئێمه پرۆژەیەكی موەحد بۆ هەردوو لا دابنێین زۆر زۆر ڕێك و پێكه، بەڵام به قەناعەتی من هەر پرۆژەیەك عیلاقەی به تەشكیلاتەوە هەبێت به تەئسیسی تەشكیلات له كاتی دەرچوونی قانونەكه، دیسان لەسەر تەشكیلاتەكه ڕێكەوتن نابێت، ئەوجارە دەكەوینه موخالەفەی قانونەكەش، ئەو كات قانونەكەی خۆمان دەردەكەین، چونكه عەجەبه ئەو تەشكیلاته له ئیدارەی هەولێر بێت، ئەو تەشكیلاته له ئیدارەی سلێمانی بێت، بەڕای من كام لا چیان ویست بۆیان بكەن، هەتا ئینتیخاباتەكه خوا ڕوحم دەكات دوو سێ مانگی تر ئینتیخاباتەكه تەواو دەبێت، دوایێ چی لێ دەكەن با لێی بكەن، چونكه مەتەئەكیدم ئەو كاتیش لەسەر تەشكیلاتەكه ڕێك ناكەون، ئەوجا ئێمه قانونێ دەركەین و ئەوان لەسەری ڕێك نەكەون لەسەر تەشكیلاتەكەی، مانای وایه ئەوجارە موخالەفەی ئەو قانونەش دەكەن، لەبەر ئەوەی پێویست نییه موخالەفەی ئەو قانونەش بكەن، بڕایەوەو ئەو چی دەوێ بۆی بكەن و، ئەویتر چی دەوێ بۆی بكەن، هەتا ئەو ئینتیخاباته سێ چوار مانگی ماوە تەحمول بكەین و نەجاتمان ببێ، له كۆڵ ببێتەوەو خلاس و بڕایەوە، ئەگەر نا موتەئەكیدم ڕێك ناكەون، برادەران وەڵڵاهی ڕێك ناكەون، ئەوەی عیلاقەی به تەشكیلاتەوە هەیه ڕێك ناكەون، ئەرێ ئەو تەشكیلاته له كوێ بێت یان له كوێ نەبێت، ئەوجا لەبەر ئەوەش با موخالەفەی ئەو قانونەش نەكەین كه به خۆمان دەرمان كردووە، ئیدارەی ئێره شتێكی دەوێ بۆی بكەین و، ئیدارەی سلێمانی شتێكی دەوێ بۆی بكەین، هەتا سێ چوار مانگەكه تەواو دەبێت و، خوا كەریمه پاش ئەو سێ چوار مانگەش، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسی تر هەیه لەو بارەیەوە بیەوێ قسه بكات و بیرو ڕای خۆی دەربڕێ، فەرموو كاك حمه عەلی.

**بەڕێز حمه علی تۆفیق میرزا فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لەڕاستیدا ئێمه ئەو پەرلەمانه یەكگرتووین، یەعنی مەفروزە ئەو لیژنانه لیژنەی یاسایی، یان لیژنەی ناوخۆ، یان هەر لیژنەیەك له لیژنەكان كه ئەو پرۆژەیه ئاراسته دەكات، ئەگەر بیانەوێت ڕای ئیدارەی

سلێمانیش وەرگرن و حەقیانە بچنە ئەوێ و لەوێ رایەکی ئەوانیش وەرگرن و بزانن چی دەڵێن، ئایا دەکرێت لەسەر ئەو پرۆژەیە وەکو کاك شێخ و یان کاك د. ناصح گوتی کە ناوەرۆکەکەی پەسندە، بەلام دەبێت رەئی ئەوانیش هەبێت، لەسەر ئەوە من رەئیم وایە لیژنەکان بچن لەگەڵ هەردوو ئیدارە دانیشن و، بۆ ئەوەی بتوانن رەئیێکی موەحەد بێنن و، ئەگەر نا وەکو ئەوە وترا با هەر ئیدارەیەك ئەوە بۆ خۆی ئەو پرۆژانە دەنێرێ، ئێمە موناقەشەی بکەین و پەسندیان بکەین، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر ورتە ورت دەکرێت و قسە دەکرێت لەگەڵ یەکتریدا، زۆر جار لە قسەکان تێناگەین، تکایە لەکاتی قسە کردندا ئێوە لەگەڵ یەکتریدا خۆتان مەشغول مەکەن، بۆ ئەوەی لەو لێکۆڵینەوانەی لێرە دەکرێت و ئەو قسانەی لێرە پێشکەش دەکرێت بەباشی تێبگەین، زۆر سوپاس، فەرموو کاك طارق.

**بەڕێز طارق محمد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا ئەو مەشروعی قانونە دوا بخرێت، هەتا رەئی ئیدارەی سلێمانیش دێت تۆکمەتر بکرێت و باشتر بکرێت، ئەوەیان یەکەم.

دووەم: لیژنەی قانونی پێیان باشترە بکرێتە (الهیئة العامة)، چونکە موئەسەسە بۆ شتی تیجاری و صناعییە، نەك بۆ شتی ئەمنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاك طارق، مام رۆستەم قسەت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز حسن حمید رحیم (مام رۆستەم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ رەئی کاکەڕەش دام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ وەڵلا هەر بۆ زانیاری ئێوە حەز دەکەم ئەوە بڵێم لە (١٣)ی ئەیلوولەوە نامەیەك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئیدارەی سلێمانی چووە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ، داوایان لێ دەکات کەوا لەم بارەیەوە لێبکۆڵنەوەو بیرو رای خۆیان دەربڕن، بەلام بەداخەوە تاکو ئێستاش، ئەو نامەی ئەوان نەگەیشتووە، تەنها وێنەی ئەو نامەیەمان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە سلێمانی دراوە بە وەزارەتی ناوخۆ، بەلام بەو پێیە رەنگە زۆری پێ نەچێت، کەوا ئێمە ئەو وەلامە وەربگرین، خۆ ئەگەر ئێمە لەو بارەیەوە قسەشمان کرد لەنێوان یەکتریدا، ئەگەر بێتو ئێمە بیرو رای هەردوو ئیدارەکە وەربگرین و، داوای هەردوو وەزیری ناوخۆ بکەین لێرە ئامادە بن و، داوای هەردوو وەزیری پێشمەرگە بکەین لێرە ئامادە بن و، ئەگەر لە پێشەوە لیژنەی ناوخۆ بچێت قسەیان لەگەڵدا بکات، ئەوە رەنگە پرۆژەکە دەوڵەمەندتر بکرێت و بە رەزامەندی هەردوولا دەربچێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی تەکنیکیەوە کێشەیەك دێتە پێشەوە، ئەم هەیئەتە ئەگەر دروست ببێت، پێویستە هەیئەتێکی یەکگرتوو بێت، یەعنی لە ئیدارەی هەردوولا، بەلام من لەو باوەڕە دام، هەتا دوو ئیدارەکە بمێنێ، بەلایەنی کەمەوە هەردوو وەزارەتی ناوخۆیەکە دەبێت ببن بە یەك، هەتا ئەوە پێك نێت رەنگە یاسایەکی وا نەتوانرێت بە باشی و رێك و پێکی جێ بەجێ بکرێت، یان لایەك جێ بەجێی دەکات و، لایەکەی تر جێ بەجێی ناکات، ئەوەش لێك دەدرێتەوە لە پاشان کە پەرلەمانی

کوردستان تەسبیتی ئەو دوو ئیدارەی کردووە، یەعنی شەرعیەتی داوەتێ و، ئێمە بەڕاستی ئەو وەڵامە دەخەینە ئەستۆی خۆمان باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرۆژەی دانراوە وەکو باس کرا کۆمەڵێك ماددەی باشی تیایە، دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت و، ئێمە بۆ ئەوەی زیاتر بە دڵنیاییەوە لێبکۆڵینەوەو بڕیاری لەسەر بدەین، بیرو رای هەردوو ئیدارەکە وەربگیرێت و، وەکو لە پێشەوە گوتم هەردوو وەزیری ناوخۆ و هەردوو وەزیری پێشمەرگەش بۆ ئەو کۆبوونەوەیە بانگ بکرێن، کە لەو بارەیەوە کۆ دەبینەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لێرە ئامادە بن و بیرو رای خۆیان بڵێن و، لە پاشان ئەگەر یاسایەکە دەرچوو پابەندی بن. سوپاس، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی هیچ موبەریر نابینم بۆ دواخستنی گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرۆژەیە، ئەو موبەریرانەی کە جەنابت هێناوتەوە، یان سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز هێنایەوە، یان کاك طارق باسی کرد، من ئەو موبەریراتانە هیچیان بە هین نازانم بەڕاستی، چونکە ئەگەر بڵێی ئێمە تەعمیقی هەردوو ئیدارە دەکەین شەقی زەمانەو بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان وای لە ئێمە کرد، کە ئێمە ئیعتیراف بەو دوو ئیدارەیە بکەین، کە مادام وایە ئەگەر وا بێت، ئێمە یەکەم هەنگاومان نا بۆ تەعمیق کردنی ئەوە، یەعنی یەکەم هەنگاو ئەبوایە نەمان کردبوایە، نەك ئێستا بەو شێوەیە، یەکەم هەنگاومان نە ئەبوایە بنایە، ئێستا زوروفێك وا هاتووە لێرە ئیدارەی هەولێر داوای جێ بەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە دەکات، بۆ ئەوەی ببێت بە یاسایەك، جەنابتان دەڵێن (١٣)ی مانگ، کاك سەعدی دەڵێ شەشی مانگ کۆبوونەوەی لەسەر کراوە، شەشی مانگ کۆبوونەوەی لەسەر کرا بێت و، بۆ (١٣)ی مانگ، یەعنی تەماشا بکە ئەگەر ئیهتیمام بە مەسەلەکە درا بوایە، نەدەبوایە هەفتەیەك بێت، ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی شەشی مانگ کۆبوونەوەی کردووەو، (١٣)ی مانگ نامەی نووسیووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، مەفروز بوو ئیهتیمامێك هەبوایە، ببوورە من نازانم مەسەلەکە لە کوێ دایە، بەڵام من تەسەور دەکەم ئیهتیمامێك بەو پرۆژەیە نەدراوە، ئەگەر نا گوایە بە نەوعێکی تر کرا بێت، ئێستاش من قەت لەگەڵ ئەوە نیمە ئەمە تەعمیقی دوو ئیدارە دەکات، دوو ئیدارەکە بۆتە ئەمری واقیع، کەی یەك دەگرێتەوە؟ ئێمەش هەموومان نازانین، ئێمە بەناوی نزیکەی (٤٠) ئەندام داوامان کردووە لە هەردوو مەکتەبی سیاسی، کە بێن لێرە مەسەلەی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە چارەسەر بکرێت، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامیان دایەوەو ئیستیعدادی خۆیان پیشاندا، کە ئێمە ئامادەین فەرموو با ئەوانیش ئامادە بن و، بروسکەیان رەوان کردووە بۆ مەکتەبی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە رۆژێك تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆببینەوە، تا ئێستا ئێمە هیچ وەڵامێکمان بە رەسمی بە دەست نەگەیشتووە، نازانم ئەگەر شتی تر هەبێت، بەڵام بە رەسمی هیچ وەڵامێکمان بەنیسبەت ئەو مەسەلەیە بە دەست نەگەیشتووە، کەواتە دوو ئیدارەکە هەیە جارێ واقیعێکە هەیە و دەبێت تەعامولی لەگەڵ بکرێت، وەکو شەقی زەمانەیە، شەقی زەمانەش ئەگەر بەم شێوەیە عیلاج نەکرێت، عیلاج ناکرێت، ئیدارەی هەولێر ئەمەی داوا کردووە، مادام ئیدارەی هەولێر داوای کردووە، ئەگەر ئێوە خۆتان هەمووتان دەڵێن ئەم پرۆژەیە هیچ مولاحەزەتان لەسەر نییە، ئەگەر هیچ مولاحەزەتان

لەسەر نییە، ئەوە ئێمە داوای دەکەین بۆ ئیدارەی هەولێر ئەمە جێ بەجێی بکەین، ئەگەر پێتان باشە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان بێت، ئەوە شتێکی ترە لەگەڵ ڕێزماندا، بەلاّم ئێمە لەگەڵ ئەوە نین دوا بخرێت، لەگەڵ ڕێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ناصح دەمەوێ هەڵەیەکت بۆ ڕاست بکەمەوە، نە وتراوە هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، بەگشتی ناوەڕۆکەکەی باشە، بەلاّم وەکو ئەو بەڕێزانە قسەیان کرد تێبینیان هەیە لەسەری، هەندێک دەڵێن وشەی (امن) بەکار نەهێنرێت بکرێت بە ئاسایش، هەندێکی تر دەڵێن نابێت بڵێی (الهیئة الخاصة) دەبێت بڵێی شتێکی تر، یەعنی بەشێوەیەکی گشتی ئەو پرۆژەیە باشە، بەلاّم بە حەقیقەت هەندێ وردەکاری هەیە پێویستە بگۆڕێت، یەعنی ئەوە مەبەست بە قسەکان بوو کە کرا، ئاخیر لە پێشدا وتت هیچ تێبینیکیان لەسەر نییە، بۆیە من ئەوەم بۆ ڕاست کردیەوە، بەو شێوەیەی کە ئێستا وتت تەواوە، فەرموو کاک سەید حەسەن.

**بەڕێز حسن عبدالکریم زمان برزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر تەعەجوبیم دەمێنێ، زۆر سەیرە، ئێستا وا هەموو قەلبم دەلەرزێ، داوا دەکەین پارتی و یەکێتی ببنە یەک، هەردوو ئیدارە ببنە یەک، کاک مەسعود و مام جەلال ببنە یەک، ڕازی نین پرۆژەیەک هەفتەیەک تەئجیل بکەین ئێمەی پەرلەمان، یەئس لەناو میللەتەکەی خۆمان بۆ پەیدا بکەین، ئاخیر مەلجەئی ئێمەینە، ئاخیر مەلجەئی یەک بوون ئێمەینە، پرۆژەیەک دە ڕۆژ یان هەفتەیەک تاخیر بکرێت، وابزانم چ لە مەوزوعەکە ناگۆڕێت، بەلاّم بۆ یەئس لەناو میللەتەکەمان دورست بکەین بەداخەوە، خۆ ئەوە شتێک نییە عینادی بکرێت، بڵێ من گوتم دەبێت ئەوە بێت، ئەو گوتی دەبێت ئەوە بێت، هەرچەندە هەر کەسێک هەقی خۆیەتی، لە پاشاندا حەیفە ئەوها ئێمە موتەشائیم بین، نابێت موتەشائیم بین، بە پێچەوانەوە، ئەوەی حەرەکاتی کوردی بۆ یەک هاتووە، پارتی و یەکێتی شتیان بۆ یەک کردووە، هیچ حزبێکی تر ئەوەی بۆ یەکتری نەکردووە، زۆر شتی باشمان کردووە، من حەز دەکەم هەنگاو بنێین بەرەو پتر یەک بوون و، ئەگەر هەفتەیەک یان دە ڕۆژ تەئجیل بکرێت، وابزانم چ لە قیمەتی پرۆژەکەش کەم ناکات و، دونیاش کاوڵ نەبووە ئاسایش لەسەر ئەوە ڕاوەستا بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی جێگای داخە خۆی ئینسان باسی دوو ئیدارەو شتی وا بکاتن، بەس واقیعێکە ئەوە، خاڵێک هەیە لێرە هەتا ئەگەر تەئجیل بکەین هەفتەیەک، یان مانگێک، یان دوو مانگ، ڕەئی ئیدارەی سلێمانیش بێتن، بە نەتیجەی ئەوە دەزگایەکان دەمینێن دوو دەزگا، یەعنی مانای ئەوە ئیلتیزامێکی تەواو بەو قانونە ناکرێت، کامە لایە ئیشی پێ نییە، هەردوو لا مانای ئیلتیزامی پێ ناکەن، چونکە ئەگەر ئیلتیزامی پێ بکەن، مەفروزە یەک دەزگا تەشکیل بکرێت، پاش تەشریع کردنی ئەم قانونە، مادام دوو دەزگایەکە تەوحید نەکرێت، هەر دەمێنێ دوو دەزگا و، لایەک لە لایان پێویستیان بەو قانونە هەیە، بەڕەئی من با دەربچێتن،

مادام هیچ تەحەفوز لەسەر مەزمونەکەی نییە، لەسەر دوو سێ وشەنە، ئەو وشانەش هەردوولا موتەفەقن لەسەری خاصەکە ببێتە عام و ئەمنەکەش ببێتە ئاسایش، ئەمێنێ رووەکی تر بۆ خۆیان هەر لایەك کە قانونەکە حەزی لێ بێت تەنفیزی بکات لە مەنتیقەی خۆی، هەتاکو خوا تەوفیقیان بکات، پاشی ئینتیخابات هەردوو حکومەت تەوحید بکرێن، دەزگایەکانیش تەوحید بکرێن، چونکە هیچ زەمانێکمان نییە، ئەگەر تەئجیلی بکەین مانێگێکی تر، دوو مانگی تر، سێ مانگی تر، دەزگایەکانی ئەمنی لە هەردوولا تەوحید بکرێت، مادام حکومەت تەوحید نەکرایە، دەزگایەکانی ئەمنیش تەوحید ناکرێن، دەمێنێت قانونەکە، قانونەکە ناوەڕۆکەکەی وەکو پەیوەندیم لەگەڵ هەردوولا کرد، تەقریبەن هەردوولا موافیقن لەسەر، تەحەفوزێك لەسەر دوو سێ وشەیەك هەیە، ئەوەش وابزانم موتەفیقن لەسەر، لەبەر ئەوە بەڕەئی من مادام لایەك، ئیدارەیەك حەزی لێیە ئەو قانونە دەربکات تاکو ئیشوکاری خۆی بەگوێرەی ئەو قانونە بکات زەرورەت دەبینێت بۆ دەرچوونی ئەو قانونە، بەڕەئی من با دەربچێت، چونکە ئێمە نابینە سەبەبی تەقسیم کردنی هەردوولا، هەردوو دەزگا جودانە، هیچ ئەملیشمان نییە پاش دەرچوونی قانون تەوحید بکرێن، چونکە حکومەتەکە تەوحید نەکرایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ کاك ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستی ئەمە هەنگاوێکی زۆر پیرۆزە، کۆ دەزگایەك ئەمنی ببنە یەك لە کوردستانێ، ئەم بەخۆت تەجروبەش غەیری خۆت دەکەی، کە تەماشای سوڵتەی فەلەستینی دەکەی موشکیلەی ئەساسیان ئێستا لەوێ تەعدودیەتی ئەجهیزەی ئەمنییە، هەر جیهازێك بۆ خۆی ئیش دەکاتن لە جیاتی تەعاونێك و تەنسیقێك و سەرێکیان هەبێتن، دەبینین پەرت و بڵاون، لە کوردستانیش بەو شێوەیە نییە کە لە فەلەستینن، بەڵام چەند دەزگایەکی ئەمنی موکتەریشمان هەیە، تەوحیدی ئەو دەزگایانە بەڕاستی هەنگاوێکی زۆر پیرۆزەو، لە ئەولەویاتە، خەلکەك چاوی لە ئێمەیە، خەلکی دەرەوە لە ئەوروپا، ئەمریکا، ولایەتی موتەحیدە چاویان لە ئێمەیە، کە ئێمە لە کوردستان ئیدارەی خۆمان چۆن بەڕێوە دەبەین، کە ببینن پەرلەمان، حکومەت پرۆژەیەکی وا تەقدیمی پەرلەمان کردووەو، عەرزی پەرلەمان کراوەو، موناقەشەی لەسەر دەکرێتن، وابزانم ئەوە هەنگاوێك بەرەو دیموکراتیەت دەباتن، ئینجا دەبینم هەرچەندە هەندە مولاحەزاتم لەسەر پرۆژە بەشێوەیەکی گشتی هەنە، یەعنی بۆچی رەئیسی هەیئە دەرەجەی وەزیر بێتن، حکومەتێکمان هەیە، با تابعی حکومەت بێتن، با تەماشای دەوڵەتانی تر بکەین، عەجەبەن لەوێ تابعی رەئیسی دەوڵەتن، ئەو هەیئەتە، یان تابعی حکومەتن، ئەوە مولاحەزاتی ترن، بەس وەکو مەسەلەیەکی ستراتیجی وابزانم ئەمە زۆر موهیمە، کەوا زوو کۆتایی پێ بێنین و، عەجەلەی لێ بکەین و، زۆر تاخیری نەکەین ئیستیفادەیەکی زۆری لێ دەکەین، هەرچەندە هەر ئیدارەیەك وەکو خۆی لەسەر قانونەکە دەچێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاك سەعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
**خۆشك و برایانی بەڕێز.**
**بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان.**

من تەعجوب دەکەم ئەم هەڵچوونە لە باس کردنی خۆ کەس ناڵێت ئەمە خراپە، بەڵکو ئەمە پرۆژەیەکی چاکە، هەم هەموار دەکرێت لەگەڵ وەزعی تازەی کە لە عێراقدا هاتۆتە پێش و، رووی شارستانی ئەجهیزەی ئەمنی پیشان دەدات، کە گونجاو دەبێت و هەموار دەبێت لەگەڵ قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ فەترەی ئینیتقالی و، هەمیش بۆ هاووڵاتی کە بەرچاوی روون دەبێت لەگەڵ چ جیهاتێك، ئەو جیهاتە رەسمییە، یان رەسمی نییە، چونکە ئەجهیزەی نارەسمی و ناحکومیش هەیە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، رەنگە زۆر جار هاووڵاتی لێی بە گلییە، ئەکید ئەوە بە قازانجی کورد و بە قازانجی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت، ئەوەی کە ئێمە لێرە باسی دەکەین، نە ئەوەیە کە پرۆژەکە خراپە، بەڵام ئێوە عەمەلیەن داواتان لە هەردوو ئیدارە کردووە رەئی خۆی لەسەر پرۆژەکە بدات، پرۆژەکە هی ئیدارەیەکە لە ئیدارەکەی تر داواتان کردووە، یان داوایەکی تر لە ئیدارەکە بکەنەوە کە رەئی هەیە، ئەگەر رەئی نارد هەر لە ماوەیەکی چەند رۆژێکی تر ئێمە دەتوانین بڕیاری لێ بدەین، ئێستا مەجموعەیەك مەسەلەی موعەلق هەیە، وەزیرێك هەیە دەبێت سوێند بخوات، مەجموعەك گۆڕانکاری تر هەیە، پرۆژەی تر هەیە، مەوزوعەکە مەوزوعێکی ئەوە نییە پرۆژەکە ئا، یان نا، ئا. بەڵێ موافقین پرۆژەیەکی چاکە، گۆڕانکاریەکان بکرێن، بەڵام خراپە بە عەصەبیەتەوە تەعامول لەگەڵ فەقەرەیەك لەو بابەتە بکرێ، ئەمە موشکیلەیەکە کە عاملی چەند رۆژێکە، مەسەلەی دووەم مەسەلەی ئەنجومەنی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە و دەست بە کاربوونی چالاکی هەردوو مەکتەبی سیاسی سەبارەت بەمەوە، بۆ زانیاری هەموو لایەك یەکێتی نیشتمانی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی وەڵامی داوەتەوە بۆ مەوزووعی هەردوو ئیدارە، بەڵام مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی ومەکتەبی سیاسی پارتی بۆ ئیستیهلاکی مەحەلی نامەیەك نانووسن بێن لەبەردەمی پەرلەمان قەزاوەتی بکەن، ئەمەریکا بەو هەموو گەورەیەی خۆی قەزاوەتی کردووە و ئێمە هەتا گەیشتینە ئێرە، ئینجا پێت وایە ئەو برادەرانەی کە لێرە دانیشتوون من نامەوێ لە هینیان کەم بکەمەوە، بەڵام هەموویان بیروڕایان زۆربەی هەرەزۆری لە سیاسەتی مەرکەزی حزبەکانەوە سەرچاوە دەگرێ کە مەکتەبی سیاسی دایدەڕێژی و جێ بەجێی دەکات، جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکی دە کەسیدا موشکیلەیەك چارەسەر نەکرێت تۆ بڵێی لە کۆبوونەوەیەکی سەدو پەنجا کەسیدا موشکیلەکە چارەسەر بکرێت لەم بوارە کۆبوونەوە هەیە و چەند رۆژێك لەمەوبەر کۆبوونەوە هەیە و هەیئەتێکی چوارکەسی هەیە کە پرۆژە ئامادە دەکەن بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، بەندە بە وەزعی سیاسی هەرێم و بە پڕ ئیشی هەردوو سەرکردایەتی لە ئاستێکی باڵا بتوانن ئاخیر بڕیاری لێ بدەن، ئەگەر چی هەردوو ئیدارەش یەك نەگرنەوە، بەڵام لە بواری جیاجیا ئەوەی پەیوەندی بە ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە مافی گەلی کوردەوە هەیە هیچ کێشەیەك نییە، دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە لە کوێ مودیری ئەمن بێ و کێ لە کوێ مودیری ئەمن نەبێ ئەوە موناقەشە لەسەر ئەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بوەستە کاك د. ناصح لەسەر ئەو مەوزوعە زۆر قسە کرا، ئێمە وامان بە لاوە باشترە، و لەگەڵ ئەو مەبدەئەش وا ڕێك بکەوین کە لە پێشەوە لەسەری ڕێك کەوتین، کە سەرۆکی فیراکسیۆنی هەردوو فراکسیۆن کۆببنەوە لەگەڵ یەك و لەو بارەیەوە رای خۆیان پێشکەش بکەن، چونکە دیارە دوو بیروڕای جیاواز هەنە و لەسەر ئەوە ڕێك بکەون و بزانن ئەو مەسەلەیە چی لێ بکەین باشە و ئێمە هەفتەی داهاتووش کۆدەبینەوە، یانی باوەڕ ناکەم دواکەوتنی هەفتەیەك مەوزوعەکە بگۆڕێ و بیروڕای ئیدارەی سلێمانیش وەردەگرین، من ئەوە دووبارە دەکەمەوە زۆر بە پێویستی دەزانم بەلای کەمەوە هەردوو وەزیری ناوخۆ لێرە ئامادە بن و هەردوو وەزیری پێشمەرگەش، ئینجا ئێوە ئەگەر لەگەڵ یەکتردا ڕێك دەکەون و ئێمە پێشنیازێکی وامان هەیە کە هەردوو فراکسیۆن لەگەڵ یەك کۆبوونەوەیەك بکەن و ڕێك بکەون، فەرموو کاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی لە سەرەتاوە مەفروزە ئێمە هەموو ئیشەکانمان بە ڕێکەوتن و تەوافق بێت، وەکو ئێستا ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی گشتی یە تەقریبەن لە هەموو عێراقدا ئەو مەبدەئە پەنا بەخوا کورد سەپاندی و بووە مەبدەئێك لە مەبدەئەکانی بەڕێوە بردنی ئیدارە نەك تەنها لە کوردستان بەڵکو لە ئیدارەی کاتی هەموو عێراقیشدا، ئەمە شتێکی پیرۆزە و من پێم وایە شتێکی باشە و من لاریم نییە کە هەردوو فراکسیۆن دابنیشن، بەڵام بەراستی وەك کاك سعدی ئەڵێ مەکتەبی سیاسی وەڵامی داوەتەوە، مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ڕێزمدا هی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەڵامی نامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی نەداوەتەوە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەو تێبینیەی و دووبارەی دەکەمەوە وەڵامی نامەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی نەداوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە نازانین ئایا وەڵامی کێی داوەتەوە و لەگەڵ کێ قسەی کردووە، ئەمە یەك، دوو من لاریم نییە لەگەڵ ئەوەی کە چەند ڕۆژێك دوابخرێ، بەڵام بە مەرجێك لەم کۆبوونەوە تەحدیدی ڕۆژەکە بکرێت بۆ ئەوەی ئیعتیادی ئیدارەی سلێمانیش فریا بکەون، بیکەینە سێ شەممەی داهاتوو یان دوو شەممەی داهاتوو لاریم نییە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئێمە لە پاشان بیر لەوە دەکەینەوە کە کێ بانگ بکرێ، بەڵام ئەوەی زۆر پێویستە هەردوو وەزیری ناوخۆ کە بانگ بکرێن و تەحدیدی ڕۆژەکەش هەر ئێستا دەیکەین، ئێمە لەبەر ئەوەی مانگێکی تر لەو وەختە رەمەزانە، لەبەر ئەوە هەموو هەفتەیەك کۆدەبینەوە، بۆ ئەوەی لە مانگی رەمەزان تۆزێك ئەرکەکانمان سووك بکەین و لە رەمەزانیشدا هەر کۆدەبینەوە، بەڵام مەبەستم ئەوەیە زۆرترین کۆبوونەوەکانمان ئێستا دەیکەین یانی لەو چەند هەفتەیەی لەبەردەماندایە، بۆ ئەوەی لە رەمەزاندا باری سەرشانمان سووك بێت، ئینجا ئێمە هەفتەی داهاتوو لە پاشان لەگەڵ کاك فرسەتدا ڕێك دەکەوین بە تەئکید لە هەفتەی داهاتوودا دەبێت لە چ ڕۆژێکدا دەبێ ئەبێ لەپاشان قسەی لەسەر بکەین، ئینجا ئێمە لەسەر ئەوە ڕێك دەکەوین بەڵام ئەترسم زرووفێکی وا بێتە پێشەوە ناچاربین لەو ڕۆژانە بیکەین، ئێمە هەر ئەمڕۆ ڕێك دەکەوین لەسەر ئەوە، فەرموو کاك د. ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەر کاتێك ئیشێك هەبێ یان بێتە پێشەوە وابزانم ئەولەویەت بۆ پەرلەمانە، لەبەر ئەوە پێم باشترە ئێستا تەحدید بکرێت و ئیشەکەی تر با تەئجیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەگەر لەسەر ئەوە رێك بکەوین و دەنگی لەسەر بدەین کەوا دوابخرێ بۆ هەفتەی داهاتوو، ئەو وەختە لەسەر رۆژەکەی هەفتەی داهاتوو رێك ئەکەوین، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو باسە دوابخرێ بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو لە هەفتەی داهاتوو، سوپاس، کێ لەگەڵ دانییە؟ کەواتە بەگشتی وەرگیرا، دیارە مەبدەئی تەوافق شوێنی خۆی کردەوە ئەوە شتێکی باشە، حەز دەکەم هەمووتان ئاگادار بن و کاك د. ناصح ئێمە لەگەڵ کاك فرسەتدا رێك کەوتین لەسەر ئەوەی کەوا کۆبوونەوەی داهاتوو رۆژی سێ شەممە بێت، رۆژی سێ شەممە سەعات دە لێرە و هەر ئەشینووسین و بلاوی دەکەینەوە، بەلام لەوانەیە دوو رۆژ پێشتر بلاوی بکەینەوە، بەلام ئێوە خۆتان ئامادە بکەن کە رۆژی سێ شەممە سەعات دە لێرە ئامادە بن، ئێستا دەچینە سەر خاڵەکانی تر، خاڵی چوارەم خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای دووەم پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە چواردەی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی دەسەلاتی دادوەری، فەرموو پرۆژەکە پێشکەش بکەن.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستاش دەقی پرۆژەکە دەخوێنمەوە پرۆژەی یاسای دادوەری ژمارە چواردەی ساڵی ١٩٩٢:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم الاصدار:**

**تاريخ الاصدار:**

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة السادسة و الخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني لكوردستان- العراق، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / /٢٠٠٤ تشريع القانون الاتي:

قانون رقم ( ) لسنة(٢٠٠٤)

قانون التعديل الثاني لقانون السلطة القضائية رقم (١٤) لسنة (١٩٩٢)المعدل

المادة الاولى: تعدل الفقرة الاولى من المادة الرابعة والاربعين من القانون رقم ١٤ لسنة ١٩٩٢ و تقرأ كالاتي:

١- لايحال الحاكم على التقاعد الا بعد اكماله (٧٠) السبعين من عمره و يجوز احالته على التقاعد بناءً على طلبه عند اكماله الثالثة والستين من العمر وفي كلتا الحالتين يستحق المحال على التقاعد ماكان يتقاضاه من راتب و مخصصات قبل احالته على التقاعد.

المادة الثانية:

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥٤)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١١/٢٠

کاتژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٤/١١/٢٠ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. کمال عبدالکریم فؤاد جێگری سەرۆکی ئەنجومەن و بەڕێز فرست احمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(٥٤)ی خولی گواستنەوەی، ساڵی (٢٠٠٤)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

١. خستنه ڕووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەیئەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢. خستنه ڕووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژماره (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بەناوی گەلی کوردستان کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان کۆبوونەوەی ژمارە(٥٤)ی خولی گواستنەوەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکەین، بەرنامەی کار بەم شێوەیە:

١. خستنه ڕووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەیئەتی ئاسایشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢. خستنه ڕووگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی یاسای ژماره (١)ی هەموار کراوی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق).

بە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، لیژنەی یاسایی فەرموونە سەر مەنەسە، مادەی یەکەمی یاساکە بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وتطبيقاً لأحكام الفقرة (١) من المادة(٥٤) من قانون إدارة دولة العراق الاتحادية، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤

قانون الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق

المادة الأولى:

يقصد بالكلمات والعبارات الآتية المعاني المبينة إزاءها:

الإقليم: إقليم كوردستان العراق.

الرئيس: رئيس إقليم كوردستان العراق.

الهيئة: الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق.

رئيس الهيئة: رئيس الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك بكر فەرمووو.

**بەڕێز بكر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەكەم/ وشەی (امن) لەمەودوا بەكار نەهێنرێت، بەڵكو وشەی (ئاسایش) هەتا لە نووسینە عەرەبیەكانیشدا.

دوو/ وشەی ( الهيئة الخاصة) كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، بەشێوەیەكی تر دابڕژرێتەوە، دوور بێت لەم وشەیە، چونكە ئەم دوو وشەیە زۆر نامۆن و خەڵكیان زۆر ئازار و ئەشكەنجە داوە، ئەوە سەرەتا ئەو دوو تێبینیەمان هەیە.

لەسەر ماددەی یەكەم ئەوە خۆشیان دیارە پێشنیاری خۆیان بووەو، حەقە ژمارەیان بۆ دابنرێت، بكرێتە ماددەی یەكەم، چونكە بەبێ ژمارە هاتووە، خۆشیان دیارە لە لیژنەی یاسایی ئەوەیان چاك كردووەو، ئێمە دوو پێشنیاری ترمان هەیە، یەك/ لەجیاتی (الهيئة الخاصة لامن اقليم كوردستان) پێمان باشە وەزارەتێكی تازە دروست بكرێت بەناوی وەزارەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق، ئەوە لە پێشنیاری یەكەم.

پێشنیاری دووەم/ ئەگەر ئەو وەزارەتەش دروست نەكرێت، ئەوە پێویستە ناوی ئەو دەزگایە بەو شێوەیەك بێت كە نامۆ نەبێت، ئێمەش پێشنیاری سەركردایەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق دەكەین، لە جیاتی ئەو هەیئە خاصە، لە جیاتی (الهيئة الخاصة لإقليم كوردستان)، ئەو سێ پێشنیارەمان هەیە، لە ماددەی یەكەم كە باسی دەكات لە جیاتی سەرۆكایەتی هەرێم بكرێتە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چونكە تاكو ئێستا سەرۆكایەتیمان نییەو، ئەگەر لە داهاتووش دامەزرێنرا، ئەوە دەتوانن ئەم یاسایە بۆ خۆیان تەعدیل بكەن، چونكە ئێمە ئێستا سەرۆكایەتی هەرێممان نییە، وەزارەت وەزارەتێكی باسمان كرد كە ئاسایش دروست بكرێت، وەزیر وەزیری ئاسایشی هەرێمی كوردستان بێت، لەسەر ماددەی یەكەم ئەوە پێشنیارەكانی ئێمەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا جارێكی دیكە بخوێنەوە، چونكە خوێندنەوەی یەكەمی كراوە، جارێكی تر دیباجەكە و ماددەی یەكەم بخوێننەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی بكەین.

**بەڕێز احمد شريف علی:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

استناداً لأحكام الفقرة (١) من المادة (٥٦)من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وتطبيقاً لأحكام الفقرة (١ ) من المادة (٥٤) من قانون إدارة دولة العراق الاتحادية، وبناءاً على ما عرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة بتأريخ //٢٠٠٤ تشريع القانون الآتي:

قانون رقم ( ) لسنة ٢٠٠٤

قانون الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق

المادة الأولى:

يقصد بالكلمات والعبارات الآتية المعاني المبينة إزاءها:

١- الإقليم: إقليم كوردستان العراق.

٢- الرئيس: رئيس إقليم كوردستان العراق.

٣- الهيئة: الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق.

٤- رئيس الهيئة: رئيس الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی خۆتان تێبینیتان نییە لەسەر ئەو ماددەیە، لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز بكر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە تێبینی خۆمان لەسەر ماددەی یەكەم باس كرد، ئەگەر دەڵێی جاری دووەم دەیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەگەر تێبینیتان لەسەر ماددەی یەكەم هەیە، فەرموون بیڵێن.

**بەڕێز بكر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە چەند تێبینیەكەمان هەبوو لەسەر ماددەی یەكەم باسمان كرد، گوتمان لەسەر رەئیسی ئیقلیم ئەوە سەرۆكایەتی ئیقلیممان نییە، ئەگەر بكرێتە ئەنجومەنی وەزیران، ئینجا ئەو كاتەی كە دادەنرێ ئەوە بۆ خۆیان تەعدیلی دەكەن، هەروەها پێشنیاری ئەوەمان كرد بوو كە هەیئە خاصە بكرێتە سەركردایەتی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق، پێشمان باش بوو ئەگەر وەزارەتێك دروست بكرێت بەناوی وەزارەتی ئاسایش لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێك ئیقتیراح بۆ دروستی كردنی وەزارەت، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیران خۆی تەقدیمی بكات، نەك لێرەوە لە لیژنەیەكەوە تەقدیم بكرێت، دووەم/ ئەوەی خوێندتەوە راپۆرتی لیژنەكەتان بوو، ئێستا ئێمە موناقەشەی ئەو ماددەیە دەكەین، ئوصولی پەرلەمان موناقەشەی ماددە بە ماددە دەكەین، هەر لیژنەیەك تێبینی لەو ماددەیە هەبێت دەبێت بیخاتە روو لە وەختی موناقەشە كردنیدا، تۆزێ هێمن و لەسەرخۆ بن باشترە، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان لەسەر ماددەی یەكەم هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناونووسیان بكەین، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، چونكە ناوی هەموویان نەنووسراوە، بەڕێز شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت سەرۆكی هەرێم، ئێمە لە پەرلەمان كە دەستووری هەرێم لێرە پەسندمان كرد، ئێمە ناوی سەرۆكی هەرێممان هێناوەو، دەبێت لەوەو پاش ئێمە لە یاسایەكانمان ناوی سەرۆكی هەرێم بەڕاستی ئەو

وشەیە ڕەنگ بداتەوە، بۆیە ئێمە تەعدیلی ماددەی یەکمان کرد، سەرۆکی هەرێممان خستە ناو تەعریفەکان، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یحیی محمد عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتریش لێرە هەر باسی ئەو ناوە کرا، وەکو هەیئەی خاصە، یان وەکو هەیئەی عامە، ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ بەڕاستی ناوەکە بە نامۆ نابینین، ناوەکە بە ناشیرین و بە قێزەون دەبینین، ئەگەر هەیئە و، ئەگەر عامە و، ئەگەر خاصە، چونکە هەیئەکە چ وەکو مەحکەمە دادگا، یان چ وەکو ئاسایش لە سەردەمانی پێشوو، بەڕاستی ناوێکی ترسناك و قێزەون بوو لای هەموو منداڵێکی کوردستانی و، لای هەموو منداڵێکی کورد، ئەوەی چ وەکو مەحکەمە بکرایەتە ئەو شوێنە، یان وەکو بگیرایە و بچێتە ئەو شوێنە نەداهاتەوە، ئێمە دەتوانین ئەوساش پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە پێی بوترێت دەزگا، هەرچەندە بەڕێزێك وەك نوێنەری یاسا دەزگای کرد بەتایبەت بۆ تیجارەت و، بۆ هەندێ قەزایە، بەلام وا نییە، ئێمە دەزگامان هەیە، دەزگای ئەیلوولمان هەیە، دەزگای شەهیدمان هەیە، دەزگا شەرت نییە ئیلا بۆ هەندێ تیجارەت و، بۆ هەندێ شەریکات بەکار بێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ پێشنیاری دەزگا دەکەین و، ئاسایش لە بڕی ناوی ئەمن بێت، کارێکی چاکە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم باشە هەیئەی عامە بێتە جێی هەیئە خاصە، ئینجا (الکلمات والمصطلحات الآتیة المبینة) نەوتراوە (أینما ورد في هذا القانون)، حەقە بوتوترێت (أینما ورد في هذا القانون)، ئەوە یەك. دووەمیش: ئەم تەعریفانە زۆر درێژن (الإقلیم: إقلیم کوردستان العراق)، (الرئیس: رئیس الإقلیم)، (الهیئة: الهیئة العامة لأمن إقلیم)، (رئیس الهیئة: رئیس الهیئة العامة لأمن إقلیم)، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە، چونکە دووبارەی زۆر تێدایە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سەعدی پیرە.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم هەنگاوە هەنگاوێکی گرنگە، بەتایبەتی لە وەزعی ئێستای ئەمنی عێراق، ئێمە باشە ناوێك دابنێین، کە ئەو ناوە نەزڕا بێت، ئەو ناوانەی کە باس کراوە هەیئە عامە، هەیئە خاصە، ئەوانە هەمووومان هەبووە پێشترێ، ئەوانەی لە زیندان بوونە ئەو ناوانە باش لەبیرمانە، من پێم باشە ( الهیئة الوطنیة لأسایش إقلیم کوردستان العراق)، بەنیسبەت ئەو هەیئەتەوە پەیوەندی بەکوێوە هەبێت، ڕیئاسەتی ئیقلیم، ڕاستە نیمانە ئێستا، بەلام هەیئەتێکی لەو بابەتە دەبێت پەیوەندی بە ڕیئاسەتی ئیقلیمەوە هەبێت، بەلام لە

قانونەكە نازانم دوايی دێت، يان دوايی نایێت (إذا خلا أو غاب) ڕەئیسی وەزەرای تێدا دەگرێتەوە، وەكو ڕەئسی سوڵتەی تەنفیزی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك د. ناصح غەفور.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئێمە دامودەزگای دەوڵەت، لێرە بڕیار لەسەر دامەزراندنی دامودەزگای دەوڵەت دەدەین، من پێم وا نییە ناوەكان ئەوەندە زۆر زەحمەت بێت، یەعنی قورس بێت بە نیسبەت ئێمە، ئەگەر وا بێت ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقیش كاتی خۆی لە زەمەنی سەددامدا ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی عێراقە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە فیعلەن حەساسیەتێكی وا پیشان دەدات، لەگەڵ كاك سەعدی ئەو پێشنیارەی كە كردی، ئێمە دەردەشەیەكمان كرد، بەڵام لەجیاتی هەیئەكە بكرێتە (المؤسسة الوطنية لأسايش إقليم كوردستان)، پێم وایە ئەوە باشترەو جێگای خۆی دەگرێتەوە، بیكەینە (المؤسسة)، ئەگەر (المؤسسة)ش وەكو باس كرا دروست نییە، هەیئەكە بمێنێتەوە (الهيئة الوطنية لأسايش إقليم كوردستان)، ئەو وەختە ئەو ناوەی كە باسیان كرد خاصەكە و عامەكە لەوانەیە بەم شێوەیە نەبێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نازانم ئێستا ئێمە بۆ لە ناوان بترسێین، مەوزوعەكە مەوزوعی مومارەسەیە، ئەگەر هەیئەی وەتەنی بێت و مومارەساتی خراپ بێت، بەخوا هەر وەتەنییەكە خراپترە لەوەی، بەڵام مەوزوعەكە مەوزوعی ناوەو، مەوزوعەكە مومارەساتە، حزبی بەعس مومارەساتی هەیە، ئەگینا ناوەكەی چ عەیبی نەبوو، بەس مومارەساتەكە خراپ بوو، ناخۆش بوو، لەبەر ئەوەی شتەكە زۆر لە جێگای خۆی هاتووەو، مەسائیلی موئەسەسات و شتی وا ئینسان بیر لە مەسائیلی قازانج دەكاتەوە، لە تیجارەت دەكاتەوە، لە ئیستیسمارات دەكاتەوە، كەی موئەسەسە بۆ ئاسایش دەبێت، لەبەر ئەوەی ناوەكەی خۆی هاتووە، زۆر زۆر باشە، پێشی ناوێت لێی بترسێین، هەوڵ بدەین بە ڕێكوپێكی لەگەڵ خەڵك تەعامول بكات، ئەوە كافییە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەگەر ناوی لێ بنێین موئەسەسێكی وەتەنی، مانای وایە جیاوازێكی هەیە لەگەڵ موئەسەسەكانی دیكە، موئەسەسەكانی ئێمە هەمووی هەر وەتەنییە بە حەقیقەت، ئێمە چۆن ئەوەی بكەینە موئەسەسێكی وەتەنی، ئەوانی تر چ ناوی لێ بنێین بەڕاستی، بۆیە بە تەسەوری من وشەكە لە جێگای خۆی هاتووەو، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، خۆی بە کوردیەکەی چییە؟ (دەزگای ئاسایشی کوردستان) وا نییە، لیژنەی یاسایی وەڵامیان بدەنەوە، تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای ئێمە ناوەکە هیچ عەیبێکی تیا نییە، چونکە ئەگەر ئێمە هەر وشەیەك موفتەرن بێت بە شتێکی خراپ و تەرکی بکەین، هیچ وشەیەك نامینێت، نە لە عەرەبی و نە لە کوردی، کە حەزێ نەکەین، یەك لەوانە (انفال) ئایەتێکە، دەتوانین ئەو ئایاتە رەش بکەینەوە، چونکە ئەو هەموو غەدرو غودورەمان لێ کراوە لە ژێر سێبەری ئەنفال.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەخۆتانەوە قسە مەکەن تکایە، هەندێ شت هەیە شوێنی نییە لێرە بوترێت، ئیحتیرامی دین و ئایین و، ئیحتیرامی موقەدەس شوێنی خۆی شوێنەکەو قسەی تر لە شوێنێکی ترە، موڕاعاتی ئەوە پێویستە بکرێت لە تەلاری پەرلەمانی کوردستاندا، ئەو کارەی کە بە ئەنفال کرا بە ناو دەزانین و لە رەگ و ریشەوە هەوڵ دەدەین نەیهێڵین، بەس ئەوە هیچ عیلاقەیەکی بە ئایاتی قورئانی و بە قورئانی پیرۆزەوە نییە، ئەوە بۆ معلومات، نەمبیستووە ئەوە وەڵامی بدەنەوە، فەرموو بەردەوام بن، تکایە کەس لە خۆیەوە قسە نەکات، ئەوەی بیەوێت قسە بکات دەست بەرز بکاتەوە، تکاتان لێ دەکەم.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئەو هەیئەی عامە پێمان شتێکی خراپ نییە، پێمان شتێکی زۆر چاکە، لەوەی باشتریشیمان نەدۆزییەوە، زۆر موناقەشەی ئەوەشمان کرد هەیئەی عامە و هەیئەی خاصە و، چۆن تەعبیرەکە بکەین، یەعنی چۆنی دابرێژین، ئێمە پێمان وایە هەیئەی عامە هیچ عەیبێکی نییەو، ئەگەر برادەرانیش بیخەنە دەنگەوەو رەئی خۆیان لەسەر بدەن، پێم وایە لیژنەی یاسایی هەمووماں کۆکین لەسەر ئەوەی کە ناوی هەیئەی عامە بێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی یەکەم پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، حەوت ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکات، ماددەکە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دووەم تکایە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

المادة الثانية:

تؤسس هيئة لأمن الإقليم وتسمى "الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق" وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والإداري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی تەسبیتی بکەین بزانین ماددەکە چۆنە؟ بە نەوعێکی دیکە لەلای ئێمە نووسراوە.

**بەڕێز احمد شریف علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية:

تؤسس هيئة لأمن الإقليم وتسمى "الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان العراق" وتتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والإداري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ناوخۆ.

**بەڕێز بکر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسرێت، بەڕێز فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فوزيه عزالدين رشيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو چۆن وشەی پێشمەرگە هەتا لە دەقە عەرەبیەکاندا دەنووسرێت پێشمەرگە لە بەینی دوو کەوانە، ئەم ئەمنی عامەش ببێتە ئاسایش لە بەینی دوو کەوانە (ئاسایش)، بۆ ئەوەی وشەکە مەئلوف بێت و بڕواو بچەسپێت، هەتا برا عەرەبەکانیشمان کە دێنە کوردستان نالێن ئەمن دەڵێن ئاسایش، بۆ ئەوەی ئەو وشەیەش وەکو وشەی پێشمەرگە بچەسپێت و، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك نیعمەت فەرموو.

**بەڕێز نعمت عبدالله پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بمانەوێت ئەو وشەیە تەرجومەی وشەی کوردی بکەین ( الهيئة العامة لأمن اقليم كوردستان)، قەت بە کوردی ناگرێتەوە (دەزگای ئاسایشی هەرێم)، چونکە دەزگا موئەسەسەیە، شتێکی دیکەیە، هەیئە پێی دەڵێن (دەستەی گشتی ئاسایشی هەرێم)، هەروەها فەقەرەی مەعنەویە، ڕاستە مەعنەویە زۆر شتی دیکە دەگرێتەوە، جگە لە ئیداری و مالی، شتی فەنی دەگرێتەوە، ئەمە تەئکیدێکە لە ڕووی حیسابات، پێویستە ئەوە بنووسرێت، کە فەقەرەکەی کە هاتووە، زۆر بە ڕێکی و پێکییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك مەلا شاخی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر محمد حاجی (مەلا شاخی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

كاك شێروان حەیدەری ئەو مەسەلەی بۆمان روون كردەوە، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حمید سلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابی كاك شێروان رایەكەی روون كردەوە، پشتگیریی دەكەم، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك مەلا محەمەد ئەمین چەمچەماڵی فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد امین عبدالحكیم چەمچەماڵی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی لەسەر ئەو وشە كوردیانە تۆزێ حەز دەكەم، ئەگەر ئیجازەم بدەی دوو سێ قسە بكەم، ئەویش ئەوەیە كە لەم ماوەیە هەندێ شت بڵاو بۆوە، بەتایبەتی لە نەخۆشخانەكان و ئەوانە، كە ناوی منداڵی كوردیان دەنا، دیعایەكی ئەوتۆیان كرد بوو، كە ناوەكە دەبێت ناوێكی ئایینی بێت، ناوە ئایینەكەی تر لە (عبدالله و احمد و محمود و عبدالرحمن)و ئەوانە، بەناوی پیرۆزی ئایینییەوە وا كرا كە تەنانەت گەیشتە ئەوەی كە بڵێم یەكێك لەوانەی كە ناوی كوردی نابوو، ناوەكەی پێ بگۆڕن و، پێی دەڵێن حەز دەكەی كوڕەكەت سەرشۆڕ بێت لەو دنیا بەناوی كوردییەوە بانگ بكرێت، چونكە ناوی كوردی لە قورئاندا نییە، ئەمانە لە ئەساسەوە، ئێمە زۆر شت باوە، زۆر شت بە ئاسانی و سووكی لەسەرمان دەڕوات، بەڵام زەریبەكەی دەدەین، یەكێك لەو شتانەی كە سەبەبی تەعریبە، ناوە كە شتێكی زۆر زۆر گرنگە، بەڕاستی ئەو پێشنیارەی كاك شێخ یەحیا زۆر زۆر باش بوو، خۆزگە بخرابوایە دەنگەوەو، من ئێستاش پێشنیار دەكەم فەوزیە خان كە باسی كرد، ئێمە با تەركیز بكەین لەسەر ناوە كوردیەكانی خۆمان، با خەڵكی فێری ناوەكانمان بێت، بەسە لە ئەمنی عامە و هەیئەی خاصە و ئەمانە تۆزێ دوورمان بخەنەوە، با ئەوان فێری زمانە كوردیەكەی ئێمە بن، خۆ ئێستا هیچ نەبێت كوردی بۆتە ئەو زمانە رەسمییەی، كە دەبێت عێراق ئیعتیرافی پێ بكات، ئیتر بۆ ئێمە خۆمان پابەند بكەین بەو ناوانەوە، من دوو قسەم هەبوو، یەكێكیان ئەوە بوو، كە كاك شێروان كردی دەستی خۆش بێت، چونكە ئەوە پێویست بەوە ناكات، یەعنی ئیستیقلالیەتی لەوێ باس بكرێت، ئیستیقلالیەتی مالی و، ئەو مەسەلەی ناو نانەش زۆر بە زەرووری دەزانم لە پەرلەمانی كوردستانەوە، با بێین ئێمە ئەو ناوانە راست بكەینەوە، راستە وەكو كاك كاكەڕەش گوتی ناوەڕۆك موهیمە، بەڵام ناویش موهیمە، ئێمە لە تاریخدا دەبینین، خوا یەكەم عەبدی خۆی لە قورئان ناو ناوە ئادەم، كە خۆی بە دەستی خۆی دروستی كردووە، دەبوو ناوی لێنابە عەبدوڵڵا، كە بەكوردیەكەی یەعنی خاك، كەچی ئێمە ئێستا شتێكمان بۆ پەیدا بووە، كە دەیانەوێ ناو و ناونیشانەكان و رەمزەكان و هەموو موستەڵەحاتەكان بكەن بە عەرەبی، ئەمەش شتێكە یارمەتی تەعریب دەدات، تۆزێ خۆمانی لێ بپارێزین و، بەتایبەت لە یاسایەكانی پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تكایە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت (الهيئة العامة لأمن إقليم كوردستان)، ئەوە باس کرا لە ماددەی یەکەمەوە قسەی لەسەر کرا، دەمینێتەوە مەسەلەی ئیستیقلالی مالی و ئیداری، ئەوە تەئکیدە لەسەر شەخصیەی مەعنەوی، گەلێك جاریش هەیە شەخصیەی مەعنەوی ئیستیقلالی ئیداری و مالی بەو دەرەجەیە نییە، ئەوە بەقوەت تری دەکات، تەنها بۆ ئەوەیە قابلیەتی هەبێت بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی خۆی بە تەواوی جێ بەجێ بکات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە رەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە مەسەلەی ئیستیقلالی ئیداری و مالی بمێنێ، ئەگەر زیادەش بێ بۆ تەئکیدەوەیە وا دیارە، وەکو کاك نیعمەت فەرمووی، ئێنجا دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی دووەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، زۆر سوپاس، دوو ئەندامی بەڕێز پەسندی ناکەن، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بەس تێبینیەکەم هەیە لەسەر وشەیەك، یان شتێك حەق نییە، دیسان ماددەکە هەمووی رەفز بکات، دەبێت موراعاتی ئەوەش بکرێت لە دەنگداندا، ئێستا نۆ دەنگمان هەیە لەدوای یەك دەبێتە چواردە دەنگ، دوایی دەبێتە بیست و ئیشەکەمان لێ تێك دەچێت، تێبینیەکیش لەسەر ناوی ئاسایش، ئاسایش لە ئەسڵەدا کە ئێمە ناومان نا ئاسایش لە کابینەی یەکەمەوە ناومان ناو، بەڕێز کاك شێرکۆ بێ کەس ناوەکەی گۆڕی، ئەمنی تەرجومە کرد بە کوردی ناوی نا ئاسایش، ئەمن مانای ئەمن و ئاسایشە، یەعنی کەلیمەیە، مەسەلە دەزگا نییە، وشەیە، یەعنی ئێمە ئەگەر بێین لەجیاتی ئەوەی بڵێین ئەمن بە عەرەبی، بڵێین ئاسایش بە عەرەبی، ئەوە ئەوە ناگرێتەوە، کە ئێمە وشە کوردیەکە بەکار دەهێنین، سبەینێ وەزارەتی ناوخۆش دەبێت بیکەینە (وەزارەت ئەلناوخۆ)، (وەزارەت ئەلشارەوانی)، تۆزێکمان لێ تێکدەچێت، وشەی پێشمەرگە جیاوازە، وشەی کوردستان جیاوازە، چونکە پێشمەرگە لە عەرەبیدا نییە، پێشمەرگە شتێکی تایبەت بە کوردە، بەس دەزگاکەی ئێمە دەتوانین وەکو دەزگاکانی تری جیهان، (سی ئەی ئەیە)، بەسێ حەرەف یەکەمی، یان بە چوار حەرەف یەکەمی ناوێکی تایبەتی کوردی خۆی هەبێت، سبەینێ قودرەت و تواناى پیشاندا ئەو دەزگایە، ئەو وەختە بە موختەسەری وەکو حزبەکان، کە ئێستا بە موختەسەریەکانیان دەناسرێن، ئەو وەختە ئەو دەزگایەش بە موختەسەریەکەی ئینشائەڵلا دەناسرێت، وەکو دەزگایەکی ناسراو لە جیهاندا، ئەمە مانای ئەوە نییە، ئێمە کوردیەکە تەعریب دەکەین، کوردیەکە زمانێکی رەسمییە لە عێراقدا، عەرەبیش زمانێکی رەسمییە لە عێراقدا، عەرەبیەکە کە تەرجومە دەکەین بۆ کوردی، دەبێت هەموو وشەکان لە عەرەبیەوە بکەینە کوردی، لە کوردیشەوە کە تەرجومە دەکەین بۆ عەرەبی، دەبێت بە هەموو هەوڵ و توانایەکەوە وشەکان لە کوردیەوە بکەین بە عەرەبی، ئەم یاسایەش بە هەردوو زمان دەنووسرێتەوە، وەکو هەموو شتەکانی تر، ماددەی سێیەم تکایە.

**بەڕێز احمد شريف علی:**

المادة الثالثة:

للهيئة ميزانية خاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، بەڕێز کاکەڕەش فەرمووو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وشەیەکی ئیزافە بکەین باشە، (میزانیة مستقلة ملحقة بالمیزانیة العامة)، نەوەك تەفسیر بکرێت، کەوا ئەوە سەربەخۆیەو بەتەنیادا تەصدیق دەکرێت لەولاو لەولا، لەوانەی بەیانی ئەو دەزگایە میزاینەکەی بە تەنیادا بنرێت، بڵێت لە پەرلەمان بۆم تەسلیح بکەین، (ملحقة بالمیزانیة العامة) لە زمنی میزانیەی عامە میزانیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت پێکەوە بێن، ئەوە میزانیەی فلان دائیرەیە، وەکو وەزارەتێك، وەکو جیهەتێك، (ملحقة بالمیزانیة العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە تۆزێك کاك کاکەڕەش باسی کرد، با بەو شکلە بنووسرێت چاکترە (تکون للهیئة میزانیة خاصة، تعاد من قبل الهیئة وتقدم الی الجهات المختصة لتصدیقها ضمن میزانیة الاقلیم)، چونکە دەبێتە ئەو میزانیە کێ ئیعداد بکاتن، هەیئە بەخۆی ئیعداد بکاتن، بۆ وەزیفەکەی هەتا بەرێگایەکەی دەچێتن لەگەڵ وەزارەتی مالیە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تەسدیق لە ئاخیرە دێتە کوێ، لە زمنی میزانیەتی حکومەتی هەرێم دێتە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لەو مەوزوعە حەز دەکەم مەجالی حوریەت بۆ حکومەت بەجێ بهێڵرێت باشترە، چونکە مەوزوعێکی دەقیقە میزانیەی ئاسایی چۆن دادەنرێت؟ چۆن دانانرێت؟ کێی دایدەنێت؟ چەندی باس دەکرێت لەناو پەرلەمان؟ چەندی باس ناکرێت؟ ئەمە شتێکی وا ئاسان نییە، سەیری میزانیاتی هەموو ئەو دەزگایانە بکەن، کە لەوە دەچێت لە هەموو دنیا، لەبەر ئەوە با تەحدیدی نەکەین و نەیبەستینەوە بە قالبێك کە ئێمە سبەینێ لێی دەرنەچین، با ئەو حوریەتە بۆ حکومەت بەجێ بێڵین، ئەوەندە بڵێین میزانیەتێکی هەیە، ئەم میزانیەتە بە تەئکید حکومەت بۆی تەحدید دەکات، کیفایەتە، بەڕەئی من بەو شێوەیە کە نووسراوەتەوە، ئەگەر تێبینی تریش هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە، فەرموو کاك ئەمین.

**بەڕێز محمد امین مولود امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی میزانیەی خاصە نییە، میزانیە دوو نەوعە، یان میزانیەی عامە یان میزانیاتی مولحەقە، میزانیاتی مولحەقە لە زیمنی میزانیاتی عامە دەبێت و، بەڕاستی ئەو نەسەی کە لە ئەوەڵەوە هاتووە، ئستیقلالی ئیداری مالی خۆی هەیە، ئەوە ئەگەیەنێت، بەرەئی من پێویست ناکات، ئەو ماددەیە زیادە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز احمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو دەزگایە گرنگترین دەزگایە لە كوردستاندا، چونكە ئەمن و ئاسایشی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان دەپارێزێت، ناكرێت بێ میزانیە بێت، وەكو وتمان میزانیەی تایبەتی هەیە، مانای ئەوە نییە كە بەشێك بێت لە میزانیەی گشتی، بۆیە بەم شێوەی كە هاتیە وابێ، ئێمە زۆر موناقەشاتمان كرد، كارێكی باشە(للهیئة میزانیة خاصة بها)و، بەس، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەو ماددەیە دیسان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الثالثة:

للهیئة میزانیة خاصة بها.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لە وئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، تەنها كاك امین پەسەندی ناكات، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا.

ماددەی چوارەم، فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الرابعة:

یرأس الهیئة موظف بدرجة وزیر یعینه رئیس ویرتبط به مباشرة وفي حالة غیاب منصب الرئیس او شغوره یعینه رئیس مجلس وزراء الاقلیم.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەكە جارێكی تر بخوێننەوە، چونكە عەرەبییەكەی تەواو نەبێ، فەرموو.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الرابعة:

یرأس الهیئة موظف بدرجة وزیر یعینه الرئیس الاقلیم ویرتبط به مباشرة وفي حالة غیاب منصب الرئیس او شغوره یعینه رئیس مجلس وزراء الاقلیم.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە ئەگەر پڕۆژەكەی ئەوەڵی بخوێنینەوە، هیچ ئیلتباستان هەیە لەسەری، چونكە عەرەبییەكەی تۆزێك باشترە(یرأس الهیئة موظف بدرجة وزیر یتم تعینه من قبل رئیس الاقلیم ویرتبط به مباشرة وفي حالة خلو منصب رئیس الاقلیم أو غیابه تحل محله رئیس مجلس وزراء اقلیم كوردستان- العراق)، فەرموو كاك سعدی.

**بەڕێز سعدی احمد پیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەیئەیەك دروست دەکەین دەبێت ئەو هەیئەیە وەزیفەی چەند دەقیق بێت، چەند حەساس بێ، دەبێت لە چوار چێوەی یاساکان بێت، کە دەڵێت (للهیئة میزانیة خاصة بها)، لێرە دەبێت (خاضعة للرقابة المالیة المرکزیة)، یەعنی دەبوایە تێیدا بێت، دووەم، ئێستا تۆ موەزەفێك تەعین دەکەی بە دەرەجەی وەزیر و، رەئیسیش تەعینی دەکات، ئەو کاتە دەوری پەرلەمان بە دەرەجەی وەزیر علی الاقل بڵێی (یرشحه رئیس المجلس الوطني) مصادەقەی لەسەر دەکات، ئەوە باشترە، من پێم وانییە کە وەزیر بتوانێ یەکێك تەعین بکات بە دەرەجەی وەزیر، ئەو دەتوانێ پێشنیاری بکات، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان موصادەقەی لەسەر بکات، یەعنی ئەم هەیئەتە خۆ هەیئەتێك نییە بیشارینەوە لە خەڵك، زۆر ئاشکرا دەبێت کە کابرایەك بێت لە رووی فەنی و، شەخسیەتێك بێت، ئەوەی کە بەو واجبە هەڵدەستێت لەرووی فەنی و لەرووی سیاسیەوە ئیمکانی بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایەی هەبێت و، ئەوە حەقی مەشروعی خۆمانە، کە جیهازێکی لەو بابەتانە هەبێت، بۆ پاراستنی ئەمنی هەرێم، بەلاّم لە چوارچێوەی یاسادا بێت، وەکو هەموو دەرەجە تایبەتیەکانی تر کە لە مەوپێش کردوومانە، سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری دەکات، پەرلەمانیش مصادەقەی لەسەر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك سعدی، جارێ ئەوە دەرەجەی وەزیرە، عیلاقەی بە وەزیرەوە نییە، ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە، سیقە بدات بە وەزیر، یان مەجلیسی وزەرا و، یان لێی سەحب کاتەوە، بەلاّم بۆ وەکیل وەزیر یان بۆ موەزەفی بە دەرەجەی وەزیر، یان بە دەرەجەیەکی تایبەتی کە تەعین دەکرێت، ئیللا ئەگەر قانونی نەصی بۆ دابنێ، مەسەلەن رەئیسی رقابەی مالی هەیە، شتێکی وا ئەو کاتە، بەڕێز کاکەرەش، فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من مەوزوعەکە بەس خلو بێت، خلو منصب الرئیس، چونکە ئەگەر غایب بوو یان سەفەرێکی کردیە، مەعقول نییە تا ئەو دێتەوە رەئیسی هەیئەکەی دامەزرێنن، مومکینە بە موهیمەکی رەسمی چۆتە جێگایەکی، بەلاّم (في حالة خلو منصب الرئيس يحل محله رئيس مجلس الوزراء)، ئەگەر بەتاڵ بوو، بەلاّم ئەگەر غایب بوو، نا، خلو بە تەنیا کافییە.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك فرسەت فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەصی موقتەرەح لە لیژنەی قانونی بەم شکلە هاتووە، کو ئەگەر هاتوو مەنصەبەکە خالی بوو، یان غائب بێت، تەعینەکە لە رەئیسی وزەرا دەردەچێت، مەوزوع تەعین بە تەنیا نییە، مەوزوع رەبتە ئیرتیباتە، ئەگەر رەئیسی هەرێم مەوجود نەبێت سەرفەری کردبێت، یان نەخۆش بێت، غائیبە لەمەنصبەکە، لەو حاڵەتە موحتاجی شتێك بین، رەئیسی هەیئە ئەمنی مەفروزە مەربوت بێت بە مەسئولێك، مەسئولەکەش مەفروزوە رەئیس وزەرا بێت، بە ئیعتبار رەئیس سوڵتەی تەنفیزییە، زۆر سوپاس، بەلاّم ئەگەر نەصەکە

بەم شێوەیە بێت لەوانەیە باشتر بێت (يرأس الهيئة موظف بدرجة وزير يعينه الرئيس ويرتبط بة مباشرة وفي حالة غيابه او شغور منصبه يحل محله رئيس مجلس وزراء الأقليم)، یەعنی حلولی رئیس مجلس وزەرا هەم بۆ تەعینە هەم بۆ ئیرتیباتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی رەئی ئێوە تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو موقتەرەحەی کاك فرسەت کردی شتێکی خراپ نییە، ئێمەش تەئیدی دەکەین، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

بیخوێننەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، مادام موافەقەتن لەسەری.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الرابعة:

يرأس الهيئة موظف بدرجة وزير يعينه الرئيس ويرتبط به مباشرة وفي حالة غيابه أو شغور منصبه يحل محله رئيس مجلس وزراء أقليم.

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لە وئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکا لەو ئەندامانە دەکەم کە قسەیان هەیە، دەستیان ئەوەندە بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی فریا بکەوین ناوەکان بنووسین، ئەگەر غەڵەتی فەنیش بێت دەتوانیت لەگەڵ لیژنەی یاسایی چاکی بکەیەوە، ماددەی پێنجەم تکایە.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الخامسة:

لرئيس الهيئة نائب بدرجة خاصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، نهلە خان، فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پرسیارێکم هەیە، نائبەکە کێ تەعینی دەکات؟ (بدرجة خاصة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مامۆستا مەلا محمد طاهر، فەرموو.

**بەڕێز ملا محمد طاهر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەم یاسایە باس نەکراوە هەیکەلی هەیئە لە چی پێك هاتووە؟ چۆن پێك دێت؟ رەئیسی هەیە، نائبی هەیە، هەیکەلی هەیئە باس نەکراوە کە چییە و چەندە؟ لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر ماددەی پێنج جەنابت هیچ تێبینیت هەیە، کە رەئیس نائبێکی هەیە، نییە، بەڕێز د. رزگار، فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر جیهەتێت تەعین بوو، ئەو پرسیارە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز سید حسن.

**بەڕێزحسن عبدالکریم زمان بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری هەندێ برادەران، دەڵێ نائیبەکە کێ تەعینی دەکات؟ ئەگەر پەلە نەکەن، لەماددەی حەوت ئەمە هاتیە، پێی ناوێت ماددەکە بخوێنمەوە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، جەنابت تێبینیت هەبوو، کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرەئی من کەلیمەی یعین ئیزافە بکرێت(لرئیس الهیئة نائب یعین بدرجة خاصة)، نەك ئەوی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە وەڵامیان بدەنەوە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر هەتا تعینیش نەگوترێ، کە گوتت نائب بدرجە خاصە، مانای وایە معیەنە، بەلأم ئەگەر بنووسرێش شتێکی خراپ نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلأمی پرسیارەکانی تر، تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت خاڵەکەی تر کاك حسن وەلأمی دایەوە، لە ماددەی حەوتەم سابعە هەیە، دەڵێتن رەئیسی هەیئە ئەوانەی هەموو کەوادیرەکان تەعین دەکات، تەنها نائب رەئیس و مودەرا عام و موستەشار نەبێ، ئەوانە تەعین دەکرێن لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو کەسەی لە جیاتی دێت، کە دەکا رەئیس وزەرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ماددەکە بخوێننەوە بەم شێوەیەی کە پێتان پەسەندە، لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی تەوصویت بکرێت.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الخامسة:

يعين لرئيس الهيئة نائب بدرجة خاصة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر، (لرئيس الهيئة نائب بدرجة خاصة)، جارێكی تر بیخوێنەوە.

**بەڕێز احمد شريف:**

المادة الخامسة:

لرئيس الهيئة نائب بدرجة خاصة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لە وئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

المادة السادسة:

تهدف الهيئة وتسعى لتحقيق ما يلي:

١-حماية الاسس والمبادىء التي يقوم عليها النظام الفدرالي الديمقراطي البرلماني التعددي لدولة العراق الاتحادية من خلال:

أ-العمل على حماية ارواح وممتلكات المواطنين في الاقليم.

ب-توفير الأمن والاستقرار في الاقليم وحماية الممتلكات العامة.

ج-حماية الحريات العامة والخاصة وخلق الاجواء المناسبة والضرورية لممارسة المواطنين حقوقهم وفق الاعلانات والعهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان.

د-الحفاظ على النظام العام والاداب.

٢-مكافحة المخدرات.

٣-مكافحة الارهاب.

٤-مكافحة التجسس.

٥أ- جمع المعلومات وتقييم التهديدات الموجهة للأمن الوطني لجمهورية العراق الاتحادية وايصالها الى الاجهزة المختصة بالأمن الوطني الفدرالي عن طريق رئاسة الاقليم.

ب-تبادل المتهمين والمجرمين واحالة قضاياهم فيما بين الاجهزة الامنية الفدرالية والاقليمية وفق الالية التي تحددها القوانين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ناوخۆ، ئێوە رەئیتان چییە؟.

**بەڕێز بكر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەو ئەهدافانەی كە بۆی ڕەسم كرایە، هەندێكیان دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، ئێمە پێمان وایە، لە فەقەرەی یەكەم(أ- العمل على حماية ارواح وممتلكات المواطنين في الاقليم)، ئەوە ئیشی پۆلیسە، بەڕاستی ئەوە حەقە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، تا ئەوەی كە دەڵێت(الحفاظ على النظام العام والاداب)، ئەویش هەر ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڕاستی حەقە ئەو دەزگایەی كە ئێمە دروستی دەكەین، لەگەڵ دەزگای ناوخۆ هەندێ جیاوازی هەبێت، ئێمە هەر ئەو سێ تێبینییەمان هەیە لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە، تكایە دەستیان بەرزكەنەوە، بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەڕەش محمد نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكەم لەسەر بۆچوونەكەی ناوخۆیە، لیژنەی ناوخۆ، هەموو دەزگایەكی سەر بە ئاسایش، دەبێت مەسئول بێت لەسەر پارێزگاری كردنی حوریەتی مواتنین، یەعنی تەنیا تایبەت نییە بە دەزگایەك، بە پۆلیسە بە ئاسایشە بە دادگایە، بەهەموو دەزگایەك كە عیلاقەی بەوەوە هەیە، لەبەر ئەوە حاجەت نییە لێی جیاواز بكرێتەوە، ئەوە زۆر لە جێی خۆی هاتیە و، زۆر واجبێكی گەورەیە كە جیهازی ئەمن ئەوە بكات، لێ نەگەڕێت كە تەعەدا لەسەر حوریەتی مواتنین بكرێت، بەڵام بەشەرتێك خۆی نەیكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محمد قاسم(د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

فەقەرە (ج) من پێشنیار دەكەم كە وشەی حقوق بێتە ئیزافە كرن، (حماية الحقوق و الحريات العامة والخاصة)، پێشتی بێت حقوقی(حقوقهم وفق الاعلانات والعهود والمواثيق والاتفاقيات الدولية لحقوق الانسان)، (الاتفاقيات)، بێتە ئیزافە كرن، فەقەرەك بێتە ئیزافە كرن، ئەڤە ژ محارەبا( تزوير العملة و تهريب الاثار)، هەرچەندە زەریبەی گران دەبیتن، جیهازێ تایبەت هەنە، مەسەلەن ئەمنی و ئیقتصادی، بەڵام ئەركێتەنە زۆر پیرۆزن، گرێدانە ژیانە خەڵكیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەسی تر تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حسن عبدالكريم زمان بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕێزان.

تەبعەن تێبینییەکەی برادەرانی لیژنەی ناوخۆ و، کاکەرەش، فعلەن حمایەتی مواتنین لەسەر هەموومانە نەك ئاسایش نەك پۆلیس، لەسەر پەرلەمانە پێشەکی، لەسەر خەڵکە، بۆیە واجبی هەموومانە، هەرچەندە تەئکیدی بکەینەوە شتێکی باشە، بەلاَم من لەسەر فەقەرە ٢ی پەرەگرافی ٤مولاحەزەکم هەیە، (تبادل المتهمين والمجرمين وإحالة قضاياهم فيما بين الاجهزة الفدرالية والاقليمية)، پێم وایە ئەمە شتێکی رۆتینە دەکرێتن، بەلاَم ئەمە شەکلێکی دەولییە، تەنیا لە بەینی دەوڵەتان تەبادولی مجرمین دەکرێتن، ئەگەر نا لەبەینی ئیقلیمی فیدرالی و هەرێمە فیدرالیەکان ئیعتیادی ئەو شتانە دەکرێتن، ئەگەر نەنووسرێتن، هەر دەکرێت، لەگەڵ رێزمدا.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی تکایە وەلاَمیان بدەنەوە.

**بەرێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت پێشنیارەکەی د. رزگار، بەراستی قسەکانی تەواون، تەنها تەزویر (العملە)، بەرەئی من شتێکی باشە ئەگەر ئیزافە بکرێتن، چونکە ئەویش یەکێکیە لە ئەوصافی مکافەحەی موخەدیرات و ئیرهاب، بەنیسبەت ئەوە زۆر جێگای خۆیەتی، بەنیسبەت ئەوەی کە برادەران باسی ئەوە دەکەن، نابێت حمایە الارواح لەبەر دەستی ئەواندا بێت، ئەوە دەڵێت هەدەف ئەوەیە بۆ ئەوەی عەمەل بکاتن، هەوڵ بدات محاوەلە بکات، کە ئەرواحی مواتنین حمایە بکرێتن، کەواتە ئێمەش هەر واجبمان ئەوەیە کە نەك هەر ئەوان، کەواتە شتێکی خراپ نییە، کە ئەو سلاحیەتەیان بدرێتێ، بەنیسبەت ئیقتیراحی تبادل المجرمین، بەرەئی من تەقریبەن زۆر رێکە شتەکە، چونکە بەنیسبەت ئێمە دوو دەوڵەت نینە، موجرم و ئیرهابی تەبادول بکەین لەبەینی یەکتری، بەلاَم وەکو تەعاونێك بکرێتن، نەك تەبادول، زۆر سوپاس.

**بەرێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رەئییە نیمە کە دەڵێت تبادل المجرمين لە نێوان دەوڵەتەکان، لە نیزامی فیدرالی هەر هەرێمێك قانونی عقوباتی خۆی هەیە، قانون ئصول موحاکەماتی خۆی هەیە، قانونی تەبادولی موجرمینی خۆی هەیە، لەگەڵ هەرێمەکان، من ناڵێم لەگەڵ دەوڵەتەکان، بەرەئی من زۆر تەبیعیە، ئێستا تەبادول دەکرێت، لە نێوان هەولێرو دهۆك و موسڵ، تەبادولی موجرمین دەکرێت، (مع العلم) خیلافی قانونە، یەعنی شکلی قانونی وەرناگرێت، بەلاَم دەکرێت مەسڵەحەتی عاممە، بەرەئی من ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێت، چونکە تەبادولی موجرمین، هەرێمی فیدرالی دوەیلییە، نیمچە دەوڵەتێکە، لازمە، ئێمە سلاَحیات و موستەڵەحاتی تێنەکەین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاکەرەش نەقشبەندی.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبعەن ئەوەی کە جەنابی سکرتێر وتی، شتێکی زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە ئێمە مەبدەئێکمان هەیە، هەتا مەسەلەی ئیختیصاصی مەکانی، باشە کابرایەکی موجرم لای ئێمەیە جەریمەیەکی لەوێ کردووە، بە گوێرەی ئیختیصاصی مەکانی پێویستە لەوێ موحاکەمە بکرێت، داوای دەکات دەبێت بینێرین و بیگوێزینەوە، عەکسیش راستە، لای ئێمە جەریمەی کردووە رای کردیە، دەبێت بیگۆڕینەوە، لەبەر ئەوەی مەبدەئەکە زۆر رێك و پێکەوە و، زۆر لە جێ خۆیەتی، جەنابی سکرتێر زۆر بە وازیحی روونی کردەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، حەقە ئیشارەت بەمە بدەین تێبینیەکەی لیژنەی ناوخۆ، من وا تێدەگەم کە ئەوان وا تێگەیشتبن، ئەگەر واجباتەکە یان ئەم ئەرکە بخرێتە سەرشانی ئەم دەزگایە، لە کۆڵ وەزارەتی ناوخۆ دەبێتەوە، لەکۆڵ وەزارەتی ناوخۆ نابێتەوە، یەعنی هەموو ئەرکەکانی خۆی هەر لەسەر شانی خۆی دەمێنێتەوە، دەبێت ئیشی خۆی هەر بکات، بۆیە ئێمە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی حەوت تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

المادة السابعة:

لرئيس الهيئة تعيين الكوادر الوظيفية للهيئة ومنتسبيها باستثناء نائب رئيس الهيئة والمدراء العامين والمستشارين حيث يتم تعينهم من قبل الرئيس او من يحل محله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاك ابراهیم سعید.

**بەڕێز ابراهیم سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مدراء عامون) بە جەمع هاتیە، یەعنی مانای مەجموعەکی مودیر عامی هەیە، یەعنی دوو کەس یان زیاتر بێت، کەچی لە ماددەی دوانزە بەس مدیری ئاسایشی گشتی باس کراوە، ئەگەر تەشیکلات هەبوایە، هەیکەلی ئەم هەیئەتە وابزانم زیاتر دیار دەبوو، کە چەند مدیریاتی عامن، جگە لە نائب، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كەوا لەماددەكەدا هاتووە كە موڵكیەتی ئاسایشی گشتی، لەویٚ ئەو فەكی ئیرتیباتە، نەك بۆ تەعینە لەویٚ، بە عەكسەوە لە وەزارەتی داخیلی رەبتی فەك دەكەینەوە، دەیدەینەوە هەیئەی، بەڵام ئەوەی تر سەڵاحیەتی ئەوەمان داوەتە رەئیسی هەیئە كە بتوانیٚ چەند مدیر عامێك دابنیٚ، سوپاس.

**بەڕێزكاكەرەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە ماددە نۆدا دەڵێت (لرئيس الهيئة وضع و تأسيس تشكيلات الهيئة)، مومكینە مدیر عامێك دادەنیٚ یان دوو دادەنیٚ بە پێی پێویست لەبەر ئەوەی كەلیمەكە عام هاتیە (مدراء عامين)، ئەگەر یەك بوو هەر بۆ مدیر عام دەیگرێتەوە، ئەگەر دوو سێیەكیش بن، هەر بۆ مدیر عامە، موشكیلە نییە، نەوەك زیاتر بێت، یەكی خۆی دادەنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەكە دەخەینە دەنگدان، تكا لە وئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان لەسەر ماددەكە هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

المادة الثامنة:

لرئيس الهيئة فتح مديريات او مكاتب في اية وحدة ادارية او منطقة داخل الاقليم تستدعيه ضرورات العمل والامن في الاقليم مع عدم الانتقاص من مهام وصلاحيات رؤساء الوحدات الادارية الممنوحة لهم بموجب القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، نییە، ماددەكە دەخەمە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی نۆ، تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

المادة التاسعة:

لرئيس الهيئة وضع وتأسيس تشكيلات الهيئة وما يتبعها من فروع و مديريات اقسام وشعب و مكاتب وتحديد واجباتها ضمن حدود القانون وكذلك صلاحيات المسؤلين عن ادارتها، وله تحديد ملاكات واقتراح مفردات ميزانيتها وتقديمها للرئيس للمصادقة عليها وفتح دورات تأهيلية لمنتسبيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز کەنەوە، نییە، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دەیەم، تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

المادة العاشرة:

اولاً: يفك ارتباط المديرية العامة للاسايش العامة بكافة تشكيلاتها من وزارة الداخلية وتربط بالهيئة ويعاد تنظيمها بموجب احكام هذا القانون.

ثانياً: تنقل كافة الممتلكات والاموال المنقولة وغير المنقولة و السجلات والاضابير والقضايا التابعة للمديرية المذكورة اعلاه الى الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز کەنەوە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی یازدەهەم تکایە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

المادة الحادية العشرة:

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ أحكام هذا القانون وتحقيق اهدافه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرزکەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز جمیل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش بگاتە ڤێ ماددەیە مادەیەکی تر هەیە، ماددەکا دی هەبوو نەخاندن، مەشروعەکەی تر ماددە شەشە(المادة السادسة: على الهيئة احالة الدعاوي والقضايا التي تقع ضمن اختصاصها الى المحاكم والجهات المختصة في الاقليم مع الالتزام باحكام القوانين المرعية من حيث حقوق المتهمين).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ ئێمە موناقەشەی ئەم ماددەیە دەکەین، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز کەنەوە، نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوازدەهەم تکایە.

فەرموو كاك جميل تێبینەیەكەت.

**بەڕێز جميل عبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیم نییە لەسەر ئەو ماددەیە نەبوو، بەلاّم پێشنیارەكەم ئەوە بوو كە ماددەك تێ دەبی، ماددەی شەشەم كە دەڵێت(المادة السادسة: على الهيئة احالة الدعاوي والقضايا التي تقع ضمن اختصاصها الى المحاكم والجهات المختصة في الاقليم مع الالتزام باحكام القوانين المرعية من حيث حقوق المتهمين)، ئەم ماددەیە بەرەئی من دەبوایە پێش مەوادی تر بێت، ئەگەر ما بێت، ئەگەر لایان دابێت، لیژنەی یاسا، ئەوە شتێكی ترە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كە كاك جميل دەفەرمووێ، ئەوە تەحصیل حاصلە، دەبێت بە تەبیعەتی خۆی هەموو دەوائیرەكان، نەك هەر ئەوان، ئەوانی لە وەزارەتی ناوەخۆش ئەو سلاّحیەتەیان هەیە، تەقدیمی دەعوای بكەن بۆ مەحاكیم و شتی وا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ماددەی دوانزەهەم تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

المادة الثانية عشرة:

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو ئەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە، نییە، ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، تكا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەكەم كە ماددەكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرز كەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەكە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی دوازدەهەم تكایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا كاكە):**

المادة الثالثة عشرة:

ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في جريدة وقائع كوردستان.

رئيس المجلس الوطني لكوردستان- العراق

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە، دەستیان بەرز كەنەوە تكایە، تێبنیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بکر مصطفى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئیزافەتەن بۆ ئەو ماددانەی کە خوێندرانەوە، دوو ماددەی ئیزافیمان هەیە، ئەگەر ئیجازە هەبێت، پێویستە هەموو ئەو دەزگا ئاسایشی حزبیانەی کە هەنە لە دەرەوەی هەرێم، یان سەر بە حکومەتی هەرێمن، نەمێنن و لەسەر حزب و لایەنەکان پێویستە چارەسەری مەترسییەکانی حزبایەتیەکانیان لەڕێگای ئەم یاسایە چارەسەر بکەن و، تەنها یەك دەزگای ئاسایش هەبێت لە هەرێم، ئەوا ماددەکمان هەیە، ماددەیەکی ترمان هەیە کە دەڵێت یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزی ناوخۆ لەساڵی ١٩٧٨ و تەعدیلەکانی لەسەر کارمەند و ئەفسەرو دەرەجەداری ئەم دەزگایە جێبەجێ بکرێت، پێمان باشە ئەم دوو ماددەیە ئیزافە بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز کاك حسين عارف فەرموو.

**بەڕێز حسين عارف عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەیەکی تەقلیدی ڕۆتینی هەیە، وا تێبگەم ڕۆتینیە عادەتەن کە دەڵێت( لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون)، لێرە پەڕێنراوە، بەڵام ئەگەر مەبەستیان نەبێت، ئەوە شتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاکەڕەش نقشبەندی، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محمد نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مولاحەزەکە لەسەر مولاحەزەی لیژنەی ناوخۆیە، تەبعەن ئەو قانونە خۆی بۆ هەندێ دانراوە کە ئەو دەزگایانە نەمێنێت، بۆیە ئەو دەزگایە نەمایە، چونکە ئەو دەزگایانە موجب نییە، ئێمە بە قانون شەرعیەتیان بدەینێ بڵێین ئەوانە تا ئێستا ئینکارمان کردووە، حقوقی ئینسان دێت دەڵێت شتی وا نییە، داوا لە حزبەکان دەکات خەڵکمان لایە، یان خەڵکمان لا نییە، با خۆمان بە خۆمان نەڵێین شتی وا نییە، لامان بردن و نەمانهێشتن، قانونەکە بۆ ئەوەیە کە ئەو دەزگایانە نەمێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تکایە.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر (مامۆستا کاکە):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو پرسیارەی کەوا ئاسایشی حزبەکانی تر، فعلەن ئەمانە خۆی ڕەسمیەتیان نییە، ئێمە باسی قانون لەسەر دەوائیری ڕەسمی دەکەین، هەیئەی عامە دائیرەیەکی ڕەسمییە، ئەوە باسی دەکەین،

بەڵام ئەوەی تر، خۆی نابێت ئەوە قوەتەی بدەینێ، قوەی قانونیان بدەینێ، ئەوە و بەنیسبەت ئەوی تر، بەنیسبەت ئەوەی کە کاك حسین دەڵێت( لا يعمل باي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون)، ئەوە شتێکی وانییە، چونکە خۆی قانونی لاحق سابق بەخۆی ئیلغا دەکاتەوە( الا ما يتعارض معه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کەواتە ماددەی سیانزە دەخەینە دەنگدانەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە ماددەکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ماددەکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەکان هەمووی دەخەینە دەنگدانەوە، من ئیقتراحێکم هەیە، ئەگەر لیژنەی یاسایی لێمان قەبوڵ بکات، عنوانی قانونەکە( قانون الهيئة العامة لامن اقليم كوردستان- العراق)، لە دوای ئەمنەکە لە بەینی دوو قەوسدا ناوی (ئاسایش)، ئەگەر بنوسرێت، ئەگەر پەسەندی بکەن، (قانون الهيئة العامة لامن (ئاسایش)اقليم كوردستان-العراق)، لیژنەی یاسایی ئێوە پێتان پەسەندە عنوانەکەی، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەو تەعدیلە وەرگیرا، ئێستا هەموو یاساکە دەخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز نهلە محمد سعداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو تەصدیقی یاساکانی ترمان کردووە لە ئاخیری هەموو یاسایەك ئەسبابی موجەبە هەیە، ئەگەر ئەسبابی موجبە ئیزافە بکرێتن، کە دروست بوونی ئەم هەیئەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەموو یاساکە دەخەمە دەنگدانەوە، لە دوای ئەسبابی موجەبە بخوێنەوە، تکا لەو ئەندامە بەڕێزانە دەکەم کە هەموو یاساکە پەسەند دەکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرز کەنەوە، زۆر سوپاس، هەموو یاساکە بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ئەسبابی موجەبەشیان بۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر (مامۆستا کاکە):**

## الاسباب الموجبە:

نظرا للتطورات الديمقراطية التي طرأت على نظام الحكم في العراق وتحوله من دولة مركزية الى دولة اتحادية واعادة ربط اقليم كوردستان العراق بالحكومة الاتحادية وفق الاسس النظام الفدرالي المعلنة عنها في قانون ادارة الدولة العراقية وبغية توحيد كافة الاجهزة الامنية في اقليم كوردسان العراق بشكل يستجيب لتحقيق اهداف المرحلة الحالية تؤدي الى ترسيخ نظام الحكم الفدرالي وبغية جعل الاجهزة الامنية اكثر انسجاما في اهدافها واسلوب تأدية واجباتها مع العهود والمواثيق الدولية لحقوق الانسان وبغية تسييرها وفق النهج والضوابط والمبادئ الخاصة بها وتنظيم وتوحيد كافة الاجهزة ضمن اطار نظام موحد ولانهاء مرحلة التنظيمات الامنية الخاصة ووضع حد لمارسة المهام المذكور من قبل جهات غير الحكومية كانت

تتطلب ظروف المرحلة السابقة توليها المهام المذكورة ولغرض ايجاد الية للتنسيق وتبادل المعلومات وتوحيد الجهود الامنية وتحقيق الاهداف المشتركة بين الاجهزة الامنية الفدرالية والاقليمية فلقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئیسراحەتێك دەكەین، پاش چارەگێكی تر كۆدەبینەوە، زۆر سوپاستان دەكەم.

پاش پشوودان

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەست دەكەینەوە بە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان و، لە خاڵی دووەمەوە دەست پێ دەكەین، با دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی بفەرمووێتە سەر مەنەسە، خاڵی دووەم كە دوا خاڵە، خستنە روو وگفتوگۆ كردنە لە سەر پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای ژمارە یەكی هەموار كراوی ساڵی ١٩٩٢یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراقە، یەكەم خوێندنەوەی یاساكە ئەنجام دراوە، تكایە دیباجەكە و مادەی یەكەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا دیباجەكەو مادەی یەكەم دەخوێنمەوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**

باسم الشعب

**المجلس الوطني لكوردستان - العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

استناداً إلى حكام الفقرة (١) من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء المجلس الوطني لكوردستان العراق، قرر المجلس بجلسته المنعقدة بتاريخ ٢٠/١١/٢٠٠٤تشريع القانون الآتي:

**قانون رقم(٤٧)لسنة ٢٠٠٤**

**قانون التعديل الثالث لقانون انتخاب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**المرقم(١) لسنة ١٩٩٢المعدل**

المادة الأولى:

تعدل المادة الأولى وتقرأ كالآتي:

المادة الأولى: يتكون المجلس الوطني لكوردستان العراق من مائة سبعة اعضاء.